# عملية التحديث وتغير القيم الثقافية والاجتماعية (دراسة تطبيقية في إقليم كوردستان)

م. دانا لطيف جلال
قسم علم الاجتماع/كلية الآداب–جامعة صلاح الدين–اربيل–اقليم كوردستان/العراق
dana.jalal@su.edu.krd
07504755490

أ.د.جوان اسماعيل بكر خوشناو
قسم علم الاجتماع/كلية الآداب–جامعة صلاح الدين–اربيل–اقليم كوردستان/العراق
jwan.bakr@su.edu.krd
7504788578

**الكلمات المفتاحية**: التحديث، القيم، القيم الثقافية، القيم الاجتماعية، التغير.

**كيفية اقتباس البحث**

جلال , دانا لطيف , جوان اسماعيل بكر خوشناو , عملية التحديث وتغير القيم الثقافية والاجتماعية (دراسة تطبيقية في إقليم كوردستان) ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Process of Modernization and the Change in Cultural and Social Values

## An Field Study in the Kurdistan Region

Dana Lateef jalal
Department of Sociology/ college of Arts -Salahaddin University- Erbil- Kurdistan Region/Iraq
dana.jalal@su.edu.krd
**07504755490**

Prof. Dr. Juan Ismail Bakr Khushnaw
Department of Sociology/ college of Arts - Salahaddin University- Erbil- Kurdistan Region/Iraq
jwan.bakr@su.edu.krd
7504788578

**Keywords** : Modernization, Value, Cultural Value, Social Value, Change.

**How To Cite This Article**
Jalal , Dana Lateef , Juan Ismail Bakr Khushnaw ,The Process of Modernization and the Change in Cultural and Social Values An Field Study in the Kurdistan Region ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

The main objective of this study is to understand the impact of the modernization process on the change in social and cultural values in the Kurdistan Region, particularly in the fields of culture, education, media, economy, and politics. The research problem revolves around identifying the extent of the changes caused by modernization. To achieve this goal, the descriptive method and the social survey method were utilized, and a sample of 400 research units was selected from all four governorates using a proportionate stratified random sampling technique. Three main measures (Modernization, Cultural Value, and Social Value) were used as data collection tools, and data analysis was performed via the Statistical Package for the Social Sciences (SPSS). The study revealed a statistically

significant relationship between the main variables (Modernization, Cultural Value, and Social Value). It also found that modernization is sprouting rapidly in areas where individuals receive direct benefits and where an easier relationship is provided between institutions and citizens. Examples of these areas include: Media and the Internet, which provide rapid information; Education, which creates new opportunities; and Services, which improve the details of daily life. In general, this study attempts to answer the following main questions: Is it possible to analyze, evaluate and present the status of the modernization process in the Kurdistan Region? - Is it possible to understand and measure the level and extent of the impact of the modernization process on the change of social and cultural values?

**الملخص**

يهدف هذا البحث إلى فهم تأثير عملية التحديث على التغير في القيم الثقافية والاجتماعية في إقليم كوردستان، وبصورة خاصة في ميادين الثقافة، التربية، الإعلام، الاقتصاد، والسياسة. وتتمثل المشكلة الأساسية للبحث في تحديد حجم التغيرات التي برزت نتيجة لعملية التحديث خلال السنوات الأخيرة.

ولتحقيق أهداف البحث، اعتمد الباحثان المنهج الوصفي باستخدام طريقة المسح الاجتماعي بالعينة، وهي طريقة كمية تهدف إلى جمع بيانات شاملة من جزء ممثل من المجتمع يمكن تعميم نتائجه عليه. وقد تم اختيار عينة طبقية نسبية مكوّنة من ٤٠٠ مفردة بحثية من المحافظات الأربع في الإقليم، بحيث تعكس العينة الخصائص الأساسية لمجتمع البحث وتضمن تمثيلاً متوازناً لجميع طبقاته.

استخدم في هذا البحث ثلاثة مقاييس رئيسية أعدت خصيصاً لهذا الغرض، وهي: مقياس التحديث، ومقياس القيم الثقافية، ومقياس القيم الاجتماعية، بوصفها أدوات لجمع البيانات. وتم تحليل البيانات باستخدام الأساليب الإحصائية ضمن برنامج.SPSS

أظهرت نتائج البحث وجود علاقة ذات دلالة إحصائية بين المتغيرات الأساسية الثلاثة (التحديث، القيم الثقافية، القيم الاجتماعية). كما تبيّن أن عملية التحديث تتسارع في المجالات التي تمنح الأفراد فوائد مباشرة وتوفر علاقة تفاعلية أسهل بين المؤسسات والمواطنين. ومن أبرز هذه المجالات: الإعلام والإنترنت بما يوفرانه من وصول سريع للمعلومات، والتربية التي تفتح فرصاً تعليمية جديدة، والخدمات التي تسهم في تحسين تفاصيل الحياة اليومية. بشكل عام، تسعى هذه الدراسة إلى الإجابة عن الأسئلة الرئيسية التالية: هل من الممكن تحليل وتقييم وعرض حالة

عملية التحديث في إقليم كردستان؟ - هل من الممكن فهم وقياس مستوى ومدى تأثير عملية التحديث على تغير القيم الاجتماعية والثقافية؟

## پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن و گۆڕانی بەها کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان توێژینەوەیەکی پراکتیکییە لە هەرێمی کوردستان[1]


م. دانا لطیف جلال
بەشی کۆمەڵناسی-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Dana.jalal@su.edu.krd
+9647504755490

پ.د. جوان اسماعیل بکر خوشناو
بەشی کۆمەڵناسی-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Jwan.bakr@su.edu.krd
+9647504788578



**پوختە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تێگەیشتن لە کاریگەری پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لەسەر گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە بوارەکانی کولتوور، پەروەردە، میدیا، ئابووری و سیاسەت. کێشەی توێژینەوەکە دەوریتەوە لە دەستنیشانکردنی رادەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی مۆدێرنیزاسیۆنەوە دروستبوون. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، میتۆدی وەسفی بەرێگەی رووپێوی کۆمەڵایەتیی بەنموونە بەکارهێنراوە، و نموونەیەکی ٤٠٠ یەکەی توێژینەوەیی بە شێوەی هەڕەمەکی چینایەتی رێژەیی لە هەر چوار پارێزگا ی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراون. بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان، توێژەران سێ پێوەری سەرەکی (مۆدێرنیزاسیۆن، بەهای کولتووری، و بەهای کۆمەڵایەتی) ئامادەکردووە وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنران، و شیکاریی داتاکان لە رێگەی هاوکۆڵکەی ئاماری (SPSS) ئەنجامدرا. لە ئەنجامدا، توێژینەوەکە دەرخەری ئەوە بوو کە پەیوەندییەکی ئاماریی ئاماژەدار لە نێوان گۆڕاوە سەرەکییەکان (مۆدێرنیزاسیۆن، بەهای کولتووری و بەهای کۆمەڵایەتی) هەیە. هەروەها دەرکەوتووە کە مۆدێرنیزاسیۆن بە خێرایی لەو بوارانەدا چەکەرە دەکات کە تاکەکان سوودی راستەوخۆی لێ دەبینن و پەیوەندییەکی ئاسانتر لە نێوان دامەزراوە و هاوڵاتیان دابین دەکەن. نموونەی ئەم بوارانە بریتین لە میدیا و ئینتەرنێت کە زانیاری خێرا دابین دەکەن، پەروەردە


[1] ئەم پەیپەرە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا بە ناونیشانی (مۆدێرنیزاسیۆن و کاریگەری لە گۆڕانی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان)، لە بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

که دەرفەتی نوێ دەرەخسێنێت، و خزمەتگوزارییەکان که وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانه باشتر دەکەن.

**کلیله وشەکان:** مۆدێرنیزاسیۆن، بەها، بەهای کولتووری، بەهای کۆمەڵایەتی، گۆڕان

**پێشەکی**

بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان یەکێکن لە گرنگترین کۆڵەکەکان کە بنەمای شارستانییەتی هەر کۆمەڵگایەک پێکدەهێنن. ئەم بەها و نەریتانە چوارچێوەیەکی بنەڕەتی دروست دەکەن کە ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاکەکان ئاراستە دەکەن، پەیوەندییەکانیان ڕێک دەخات و تێڕوانینیان بۆ ژیان و جیهانی دەوروبەریان هەڵدەسەنگێنێت. ئەم بەهایانە، سیستەمێکی یەکگرتووی بیروباوەڕ، بنەما و ستانداردەکان پێکدەهێنن کە بەشدارن لە بەستانەوەی هەنگاوی تاکەکان بە ناسنامەی کولتووری و هاوسەنگی ناوخۆیی کۆمەڵگە. بۆیە توێژینەوە لە گۆڕانی ئەم بەهایانە ڕێگایەکی بنەڕەتییە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک. لەو چوارچێوەیەدا، پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن وەک دیاردەیەکی جیهانی و گشتگیر، کاریگەرییەکی قووڵ و فراوانی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی بەجێهێشتووە. مۆدێرنیزاسیۆن تەنها لە پەیوەندییە تەکنەلۆژیی و گەشەپێدانی ئابوورییەکاندا سنووردار نابێ. لە کۆمەڵگە فرەکولتوورییەکانی وەک هەرێمی کوردستان، مۆدێرنیزاسیۆن ڕەهەندێکی ئاڵۆزتری هەیە، چونکە گەشەپێدانی تەکنەلۆژیی و دامەزراوەیی بە گۆڕانکارییە بەها و کولتوورییەکانەوە پەیوەستە. ئەمە وا دەکات تاوتوێکردنی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن بۆ تێگەیشتن لە دینامیکی کۆمەڵگەی کوردی پێویست بێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەیەکی تیۆریی کۆمەڵناسیی گشتییدا. ئەم چوارچێوەیە پەیوەندی نێوان ڕەهەندە پێکهاتەیی و کولتوورییەکان یەکدەخات و بەشدارە لە پشکنینی قووڵی زانستییانە بۆ زانینی کاریگەری مۆدێرنیزاسیۆن لەسەر سیستەمی بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەیەکی ڕاگوزەر لە قۆناغێکی ڕاگوزەر. ئەم توێژینەوەیە مۆدێرنیزاسیۆن تەنها وەک دیاردەیەکی ئابووری یان دامەزراوەیی نابینێت، بەڵکو وەک هێزێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی لەسەر پێکهاتەی بەها و نەخشە کۆمەڵایەتییەکان کار دەکات لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

## ١. ڕەگەزە سەرەکییەکان و پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

### ١. ١ ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

**لێرە بە وردی کێشە، گرنگی، ئامانج و سنوور و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکەمان خستۆتە ڕوو تاکو بەرچاومان ڕووبێت لە گرتنەبەری هەنگاوەکانی تر.**

**١.1.1 کێشەی توێژینەوەکە**

بەهاکان وەک یەکێک لە گرنگترین پێکهاتە و کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستەمی کولتووریی هەر کۆمەڵگەیەک دادەنرێن، چونکە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەسەر ڕەفتار، بیرکردنەوە و ئاراستەی ژیانی تاکەکان. ئەم بەها و نەریتە کولتووریانە، بنەمای هاوسەنگی ناوخۆیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، و بەهۆی گۆڕانکارییە جیهانی پەیوەست بە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن، لە زۆر پانتایی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە قۆناغی گۆڕان و نوێبوونەوەدایەن. لە چوارچێوەی ئەم دۆخەدا، کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە تێگەیشتن و وەسفی ئەوەی کە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن چۆن و تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی بەها، کولتوور و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان. بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی فرەئیتنیک و فرەکولتوری وەک هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆسەیە شێوە و ئاراستەی تایبەتی خۆی هەیە و گۆڕانکارییەکانی بە شێوەیەکی ورد و قووڵ دەردەکەوێن. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییانە بداتەوە:

- ئایە دەتوانرێت بنکۆڵکردن، هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی دۆخی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت؟
- ئایە دەتوانرێت تێگەیشتن و پێوانەکردنی ئاست و ڕادەی کاریگەریی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان بکرێت؟

**١,١. ٢ گرنگی توێژینەوەکە**

توێژینەوە لە بواری مۆدێرنیزاسیۆن بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی ماکرۆسۆسیۆلۆژییە(Macrosociology) ، کە یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی کۆمەڵناسیی گشتیی، و بە شێوەیەکی دیار لە کۆمەڵگە و گۆڕانکارییە دامەزراوەیی و سیستەمییەکان ڕەنگ دەداتەوە. لەم ڕووەوە، ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی زانستی و نوێ هەوڵدەدات بۆ تێگەیشتن لە پرس و پرۆسەی گەردوونییەکانی توخمەکانی مۆدێرنیزاسیۆن لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان، کە تاکو ئێستا بە دەگمەن لەسەر ئەم لایەنە بەشێوەیەکی توێژینەوەی زانستی، گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. هەروەها لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەم توێژینەوەیە بایەخی زۆری هەیە، چونکە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن یەکێکە لە گەورەترین و هەمەگیرترین هەنگاوەکانی گۆڕانکاری

کۆمەڵایەتی و کولتووری لە سەدەی بیست و یەکدا، و کاریگەرییەکانی بەسەر هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان بە روونی دەرکەوتووە.

لەلایەکی دیکە، لە رووی پراکتیکییەوە، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانن بە توێژینەوەکانی میکرۆسۆسیۆلۆژییەوە (Microsociology) پەیوەست بن، ئەمەش بۆ تێگەیشتن لە هەنگاوە تاکەکەسیی و کردەکانی پاش گۆڕانی کولتووری و کۆمەڵایەتی. لێرەوە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانێت بنەمای توێژینەوە و پاڵپشتی بێت بۆ هەوڵە زانستییەکان لە بوارەکانی پەروەردە، میدیا، و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکات.

### ٣,١,١ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم چەشنەی خوارەوەیە:

- بنکۆڵکردن، هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی دۆخی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە هەرێمی کوردستان.
- تێگەیشتن و پێوانەکردنی ئاست و ڕادەی کاریگەریی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان.

### ٤,١,١. سنورەکانی توێژینەوەکە

بوارەکانی توێژینەوەکەمان بە پوختی بەم چەشنەی خوارەوەیە:

١ –**بواری شوێن (جگرافی):** ئەم توێژینەوەیە لە هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان/عێراق ئەنجامدراوە.

٢ –**بواری مرۆیی:** تاکەکانی دانیشتووی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە) دەگرێتەوە. هەردوو ڕەگەز و هەموو ئەو کەسانەی تەمەنیان لەسەرووی هەژدە ساڵیدایە.

٣ –**چوارچێوەی کاتیی:** بۆ ڕێکارەکانی توێژینەوەی بەشی پراکتیکی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە ٢٠٢٥/٧/١ تا ٢٠٢٥/١١/١ خایاندووە، شیکردنەوەی زانیارییەکان و بەدەستهێنانی ئەنجامەکانیش هەر لەم ماوەیەدا بوو.

٤– **بواری بابەتی:** توێژینەوەکە سەرنجی خۆی دەخاتە سەر گۆڕاوی مۆدێرنیزاسیۆن و بەها کۆلتووری و کۆمەڵایەتییەکان، کە ڕەفتار و هەست و فکری تاکەکان و پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

### ٥,١,١ میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدراوە بە شێوەیەکی گشتی سوود لە میتۆدی وەسفی ( Descrptive Method) بە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتیی بەنموونە وەربگیردرێ، چونکە ئێمە دەخوازین ئێستا



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لە هەلومەرج و دۆخی مۆدێرنیزاسیۆن و کاریگەرییەکانی لە گۆڕانی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵینەوە، نەك لە ڕابردوو. لەم توێژینەوەیەشدا پشت بە ڕووپێوی کۆمەڵایەتیی بەنموونە دەبەستین، چونکە زانیارییەکی زۆر کۆدەکرێتەوە لە نموونەکانی توێژینەوەدا، لە هەمان کاتدا، دەرئەنجامی هاوشێوە و لێکچوومان بەردەست دەکەوێت. لە هەمان کاتدا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە هەرێمی کوردستان، واتە هەر چوار پارێزگاکەی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی و هەڵەبجە)، کە (٤٠٠) فۆرم بەشێوەی **هەڕەمەکیی چینایەتیی ڕێژەیی** وەرگیراون.

لە لایەکی دیکە، سێ پێوەرمان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئامانجەکانمان ئەوانیش پێوەری مۆدێرنیزاسیۆن، پێوەری بەها کولتوورییەکان و پێوەری بەها کۆمەڵایەتییەکان، **برگەکانی پێوەری مۆدێرنیزاسیۆن** پاش گرتنەبەری هەنگاوە زانستییەکان (٤٩) برگە جێگیر کراون لەگەڵ (٧) ڕەهەند کە پێکدێت لە (ڕەهەندی **خێزان و جیاوازییە ڕەگەزییەکان**؛ برگەی (١ تا ٨)، ڕەهەندی **پەروەردە**؛ برگەی (٩ تا ١٦)، ڕەهەندی **بونیادی ئابووری**؛ برگەی (١٧ تا ٢٢)، ڕەهەندی **ئایین و نەریتەکان**؛ برگەی (٢٣ تا ٢٩)، ڕەهەندی **پلەبەندی کۆمەڵایەتی و کراوەیی کولتووری**؛ برگەی (٣٠ تا ٤٠)، ڕەهەندی **میدیا و گۆڕانی کولتووری**؛ برگەی (٤١ تا ٤٥)، ڕەهەندی **سیاسەت**؛ برگەی (٤٦ تا ٤٩). هەروەها پێوەری بەها کولتوورییەکان لە (١٩) برگە پێکدێت و پێوەری بەها کۆمەڵایەتییەکانیش لە (١٨) برگە پێکدێت.

## ٢,١ چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

**لێرە چەمکە سەرەکییەکانی (مۆدێرنیزاسیۆن- بەهای کولتووری- بەهای کۆمەڵایەتی) توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو.**

### ١,٢,١ مۆدێرنیزاسیۆن (Modernization)

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین چەمکی مۆدێرنیزاسیۆن وەک وەڵامێکی لەناکاو و لەوەختی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژئاوا، لەبەرامبەر ئەو ئاستەنگە هەمەچەشنانەی کە جیهانی سێیەم ڕووبەڕووی ببووەوە، سەریهەڵدا. پاش پرۆسەی بەلارێدابردن و نالەباری دۆخی سیاسی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، گەل و نەتەوە تازەکان پەلەیان دەکرد بۆ ئەوەی دەست بە پرۆگرامێکی بەرفراوانی گەشەسەندنی ئابووری و گۆڕانکاری تەکنیکی بکەن. بە چڕی هەستییان بە هەبوونی پەرەپێدانی پارادایمێکی نوێ بۆ داڕشتن و ڕێکخستنی بەرنامەی گەشەپێدانیان کرد. پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن یەکێک بوو لەو پارادایمە تازانەی کە دەکرا لەم ڕووەوە سوودی لێ وەربگیردرێت.

لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم، پرسی مۆدێرنیزاسیۆن هێندە تیۆرڤانەکانی ڕۆژئاوای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو کە پێمولیە زیادەڕەوی نییە ئەگەر ئەم پرسە بە یەکێک لە گەرمترین و دیارترین

پرسە تیۆریەکانی چەند ساڵی ڕابردوو بزانین. بێگومان بڵاوبوونەوەی ئەم مشتومڕە نەبووە هۆی کۆدەنگی لەسەر شایستەیی و زیانەکانی مۆدێرنیتە، بەپێچەوانەوە، جیاوازییە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی بەرفراوانتر سەریان هەڵداوە کە دەرچوون لێی هەر وا ئاسان نەبوو. تەنانەت هەندێک تیۆرڤان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە نارِوونی و جۆراوجۆری بەکارهێنانی ئەم چەمکە وایکردووە ناکرێ هەمووان لەسەر ناو و نازناوێك بۆ ئەم پرۆسەیە ڕێك بکەون(Kolakowski, 1990: 3-13).

لە لایەکی دیکە، دەکرێ مۆدێرنیزاسیۆن وەك پرۆسەیەکی گشتگیر تەماشا بکەین کە لە گۆڕانکارییە کولتووری و کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکان ڕۆڵیان هەیە، مەیلی ئەوەیان هەیە لە پرۆسەیەکی خۆبەهێزکردندا بچێتە ناو هەموو پانتاییەکانی ژیانەوە، لە چالاکییە ئابوورییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی و تەنانەت دامەزراوە سیاسییەکانیش، چونکە مۆدێرنیزاسیۆن هۆشیارییەکی تۆکمە لەبارەی گۆڕانکاری و داهێنان دەهێنێتە کایەوە، کە پەیوەستە بەو ئایدیایەی کە کۆمەڵگە مرۆییەکان بەردەوام لە پێشکەوتندان(Ritzer, 2007: 3071)، بەڵام لای (شموێل ئایزنشتات) مۆدێرنیزاسیۆن بریتییە لە پرۆسەیەکی گەشەسەندن، چونکە لە یەك کاتدا هەم لایەنی پێکهاتەیی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، هەم لایەنە کۆمەڵایەتی-دیمۆگرافییەکانی کۆمەڵگەکانیش دەگرێتەوە (Eisenstadt, 1966: 2). بە مانایەکی دیکە، ئەو پانتایی و لایەنانەی کە بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە دەگۆڕدرێن بریتیین لە سیستەمی بەها (بڵاوبوونەوەی سیکۆلاریزم، فرەکولتووری، فرەناسنامەیی و عەقڵانییەت)؛ چالاکییە ئابوورییەکان (گۆڕانکاری لە پیشەدا، دابەشکردنی کار، گۆڕینی سیستەمی بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی ئاستی تێکرای داهات)؛ چالاکییە خێزانییەکان (کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای خزمایەتی و مەیلی ژیان لە ماڵە بچووکەکاندا)؛ و بونیادی سیاسی (ناوەندگەرایی کایەی سیاسی، بیرۆکراتیزەکردن و جیاکاری دامەزراوەیی).... هتد.

بۆیە دواجار دەتوانین بڵێین مۆدێرنیزاسیۆن بریتییە لە بەکارهێنانی ڕێکخراو و ئامانجدارانەی وزەکانی مرۆڤ بۆ شارەزایی عەقڵانی لە ژینگەی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەمەش بە مەبەستی هەمەچەشن لە پێناو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بونیادی کولتووری، کۆمەڵایەتی، بیروباوەڕ و بەهاکانی مرۆڤدا لە هەموو بەها و هەڵوێست و چاوەڕوانییەکانی مرۆڤدا. وێڕای کارکردن لە نوێکردنەوەی لایەنە سەرەکییەکانی شارنشینی، پیشەسازی، دیموکراتیزەکردن، پەروەردە، بەشداریکردنی میدیا.

**٢,٢,١ بەهای کولتووری (Cultural Value)**

چەمکی بەهای کولتووری یەکێکە لە چەمکە هەرە پرمشتومڕەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان. بەها کولتوورییەکان هەرچەندە هەمیشەیی بن، بەڵام دەکرێ بە شێوەی هەمەچەشن لەلایەن تاک و گروپ و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە لێکبدرێتەوە و پەیڕەو بکرێن، هەر بۆیە لەناو هەمان کولتووردا، بەهاکانی هەندێک گروپ لەگەڵ بەهاکانی کولتووری گشتییەکەدا جیاوازن، بەڵام پێش ئەوەی پێناسەکانی بەها کولتوورییەکان بخەینەڕوو، با سەرەتا پێناسەیەکی گشتیگیر و هەمەلایەنەی کولتوور بکەین بۆ ئەوەی باشتر لە چەمکی بەهای کولتووری لە کۆمەڵناسی تێبگەین. لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسییدا، کولتوور بریتییە لە گشتییەتییەکی ئاڵۆز کە زانیاری، بیروباوەڕ، هونەر، ئاکار، یاسا، دابونەریت، و هەر توانا و خوویەکی دیکە لەخۆدەگرێت کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە بەدەستی دەهێنێت و هەروەها کۆمەڵێ نەخشی مانادار لە خۆدەگرێ کە لە ڕووی مێژووییەوە گواستراونەتەوە، و لەناو هێماکاندا جێگیر کراون، ئەو سیستەمە لە چەمکە میراتگرانەی دەربڕدراوە، کە بەهۆیانەوە مرۆڤەکان زانیارییان دەربارەی ژیان و هەڵوێستەکانیان بۆ ژیان دەخەنەڕوو و پەرەی پێدەدەن :Tylor, 1871) (Geertz, 1973: 89) .1)

هەروەها لەبەرئەوەی ئەولەویەتەکانی بەهای کولتووری هاوبەشن، ڕۆڵگێڕان لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان (بۆ نموونە، سەرکردەکان لە حکومەتەکان، مامۆستایان لە قوتابخانەکان، بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری کۆمپانیاکان) دەتوانن بۆ هەڵبژاردنی ڕەفتاری گونجاوی کۆمەڵایەتی و پاساوهێنانەوە بۆ هەڵبژاردنی ڕەفتارەکانیان بۆ کەسانی دیکە سوودیان لێ وەربگرن. ئەو پێداگرییە بەهاییە ڕوون و ناڕوونانەی کە تایبەتمەندی کولتوورێکی دیاریکراون، لە ڕێگەی بەریەککەوتنی ڕۆژانە بە داب و نەریت، یاسا، نۆرم، سیناریۆ و پراکتیکە ڕێکخراوەییەکان کە لەلایەن بەها کولتوورییە باوەکانەوە لە قاڵب دەدرێن و دەری دەبڕن، دەبەخشرێنە ئەندامانی کۆمەڵگە. بەم پێیە، گونجاندن لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و بەکۆمەڵایەتییکردنی نافەرمی، بە هەمان شێوەی بەکۆمەڵایەتییکردنی فەرمی، ناوەندی گواستنەوەی بەها کولتوورییەکانن (Markus & Kitayama, 1991: 245). (جۆن مەکارتی) لە کتێبی **(تیۆری کولتووری: دەروازەیەک)** پێیوایە بەها کولتوورییەکان ئاماژەن بۆ ئەو بیروباوەڕ و بنەما ڕێنماییانەی کە لەلایەن گروپێکی دیاریکراوەوە برەوی پێ دەدرێت. ئەم بەهایانە چوارچێوەیەک بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی و بڕیاردانی بەکۆمەڵ و دامەزراندنی نۆرم بۆ ڕەفتار و گرنگی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان، وەک خێزان، پەروەردە، کار و ئایین دابین دەکەن(McCarty, 2003: 22–30).


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

وێڕای ئەوەش، (شالۆم شوارتز) پێیوایە بەهای کولتووری بریتییە لە کۆی هەموو ئەو بیروباوەڕ و کردە و ئامانجانەی تاک و گروپەکان لە کۆمەڵگە کە دواتر لە قاڵبیان دەدا و پاساویان بۆ دەهێنێتەوە. هەروەها ڕێکخستن و سیاسەتە دامەزراوەییەکان، نۆرمەکان و پراکتیکەکانی ڕۆژانە، دەرخەری جەختکردنەوەکانی بەهای کولتووری بنەڕەتیین لە کۆمەڵگەکان. جەختکردنەوەی بەهای کولتووری لەسەر سەرکەوتن و باڵادەستی، ڕەنگە لە سیستەمی کولتووری و ئابووریی زۆر کێبڕکێکاردا، هەم ڕێسا و یاساکان زیاتر ڕەنگدەدەنەوە، هەم پرۆسەی پەروەردەی مرۆڤ بەسەرکەوتوو بەکۆمەڵایەتی و بەکولتووری دەبن(Schwartz, 2006: 139).

بۆیە سەبارەت بە بەها کولتوورییەکان دەتوانین بڵێین ئەو بیروباوەڕ و نۆرم و داب و نەریت و هەڵوێستە هاوبەشانەن کە گروپێک یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەیناسێنن. فێربوون و ڕێژەیی و دینامیکین و ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە دارشتنی ڕەفتاری تاکەکەسی و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و دەتوانن تێگەیشتنێکی قووڵتر لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بخەنەڕوو و بەشداری بکەن لە پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی گشتگیرتر.

### ٣,٢,١ بەهای کۆمەڵایەتی (Social Value)

بەهای کۆمەڵایەتی یەکێکە لە چەمکە بنچینەییەکانی ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسانیش بۆچوونی جۆراوجۆریان لەبارەیەوە دەربڕیوە، لە کۆمەڵناسیدا بەهای کۆمەڵایەتی ئەو شتەیە کە هەموو کەسێک پەسەندی دەکات. هەموو ئەو شتانەی کە کۆمەڵگە بەهای بۆ دادەنێت، بریتیین لە کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە لە بەرامبەر بەهای تاک دادەنرێت (موحسنی،١٩٩٥: ٢٥١)، بە دیدی (جۆرج ریتزەر)، بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕیزی ڕاستییە کۆمەڵایەتییە نامادییەکاندان(ریتزر، ٢٠٠٩: ٧٣)، بەپێی پێناسەی (نیل سمێلسەر)، بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەو جۆرە ستاندارده کولتووریانەن کە ئامانجە گشتییەکان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراو دیاری دەکەن، بەها کۆمەڵایەتییەکان تێگەیشتنی کۆتایی و ڕەوایەتیی ڕێکخستن و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکەن(محسنی، ١٩٩٤ :٥٩٧)، بەڵام هەندێ کۆمەڵناسی دیکە، بە پێچەوانەی ڕیتزەر و سمێلسەرەوە بەها کۆمەڵایەتییەکان بە شتە ماددی و نامادییەکان ناو دەبەن و پێیانوایە دابینکردنی پێداویستییە ماددی و ڕۆحییەکانی مرۆڤ، یان هەموو شتێکی بەنرخ و بەسوود بەشێکن لە بەها کۆمەڵایەتییەکان(وثوقی، ٢٠٠٣: ١٩٢).

هەردوو کۆمەڵناس (ویلیام ئۆگبێرن و نیمکۆف) لە کتێبە بەناوبانگەکەیان بە ناونیشانی **(زەمینەی کۆمەڵناسی)** پێیانوایە بەهای کۆمەڵایەتی ڕووداوێک یان بابەتێکە کە کۆمەڵگە لەبەرچاوی دەگرێت. بەهای کۆمەڵایەتی دەبێتە پاڵنەری مەیلی کۆمەڵایەتی، مەیلی کۆمەڵایەتیش مەیلی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

گشتییە کە لە مرۆڤدا سەرهەڵدەدات و وا دەکات تێڕوانین و هەست و کردەکانی بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا بڕوات(اگبیرن و نیم کوف، ٢٠٠٩: ١٩٣)، وێرای ئەوەش، بەها کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لە کۆمەڵێک ئایدیاڵ سەبارەت بەوەی کە چی ڕاستە یان هەڵە، شایستە یان ناشایستە، خوازراو یان نەخوازراو، چاکە یان خراپە و بە پێویست و شەرەف و پیرۆز و خوازراو بۆ هەر کۆمەڵگەیەک دادەنرێت. وەک: ڕەوشت، ڕاستگۆیی، شەرەف، ڕێزگرتن لە مافی کەسانی دیکە (ستوده، ٢٠١٦: ٢٩). بۆیە دەتوانین بڵێین بەها کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێ ئامانجی خوازراون کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا کار دەکەن بۆ ئەوەی پێی بگەن، ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی پێداویستی و ئارەزووەکانیان. هەروەها یەکێکن لەو ئامرازانەی کە کۆمەڵگە سوودی لێ وەردەگرێت بۆ شیرازەی کۆمەڵایەتی؛ چونکە بوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا و هەوڵی مرۆڤەکان بۆ گەیشتنیان دەبێتە هۆی چالاکی مرۆڤەکان. ئەم لێشاوە بۆ هەر کۆمەڵگەیەک گرنگ و پێویستە. ئایدیاڵ و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی بەها کۆمەڵایەتییەکان سەرهەڵدەدەن و دروست دەبن. بناغەی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دامەزراوە و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە دامەزراوە. هەروەها ئەندامانی کۆمەڵگە ڕۆڵ دەگرنە ئەستۆ بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەهایانە کە لە ئەنجامدا، دەبێتە هۆی دابینکردنی پێداویستییەکان(سیف الهی، ٢٠٠٧: ١٢٥-١٢٣).

بۆیە دەتوانین پێناسەی بەها کۆمەڵایەتییەکان بکەین کە کۆمەڵە بنەما و پێوەرگەلێکن کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕێژەیی و گۆڕاو دادەنرێن، چونکە نەک تەنها لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ناکۆکن، بەڵکو لەناو یەک کۆمەڵگەشدا بەپێی چینی کۆمەڵایەتی (وەک کرێکاران، فەرمانبەران، یان سەرمایەدارەکان) جیاوازیان هەیە و دەکرێ لە ڕووی ئاکار و شێوازی ژیانەوەش دژ بەیەک بن؛ هاوکات، بە تێپەڕبوونی کات، ئەم بەهایانە لە پرۆسەی پەرەسەندندان و دەکرێت گرنگییان کەم بێتەوە یان بەهایەکی نوێ جێگەیان بگرێتەوە، یان بە پێچەوانەوە، بایەخێکی زیاتر وەربگرن، وەک دیاردەیەک کە لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی دیکە لە بەهادانراوەوە بۆ بێبەها دەگۆڕێت.

**٢ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو**

**١,٢ تیۆری توێژینەوەکە: دانێل لێرنەر و تیۆری تێپەڕین لە کۆمەڵگەی نەریتی**

دانێل لێرنەر (١٩١٧-١٩٩٢) «Daniel Lerner» کۆمەڵناس و توێژەرێکی ئەمریکی بوو کە بەهۆی کارەکانی لەسەر تیۆری مۆدێرنیزاسیۆن و ڕۆڵی میدیای گشتی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەکاندا بەناوبانگە. لە شاری نیویۆرک لەدایکبووە و بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بەدەستهێناوە. کاری لەگەڵ بیرمەندانی گەورەی وەک هارۆڵد لاسوێڵ کردووە و لە بواری (شرۆڤەی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ناوەرۆك) شارەزا بووە. تیۆرەکەی لێرنەر بەم گریمانەیە دەست پێ دەکات کە بۆ ئەوەی بەسەر چەقبەستووی گەشەنەکردندا زاڵ بین، زۆر گرنگە شێوازە نەریتییەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەیەک لەلایەن شێوازە مۆدێرنترەکانەوە بگۆڕدرێت و، لەم ڕووەوە، میدیای گشتی دەتوانێت زۆر یارمەتیدەر بێت لەم پرۆسەیەدا. بۆ ئەمەش سەرەنجی لەسەر تاکەکانە وەک فاکتەری سەرەکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. دانێل لێرنەر مۆدێرنیزاسیۆن بە ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ دیاردەیەکی کۆن دەناسێنێت و پێیوایە پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کە تێیدا کۆمەڵگەیەکی کەم پێشکەوتوو، تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووتر وەردەگرێت. لای لێرنەر، مۆدێرنیزاسیۆن هەم چەمکێکی بەراوردکارییانەیە و هەم چەمکێکی بەهادارە. بەراوردکارییە، چونکە دوو جەمسەری کۆن و نوێ دەخاتە بەرامبەر یەکتر؛ و بەهادارە، چونکە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا نکۆڵیکردنی کۆن لەلایەن تازەوە ڕەوا و تەنانەت سروشتیش دەکات. لەم بەراوردکردنەدا، پێوەرەکانی بەهادان بریتییە لە پێشکەوتنی کولتووریی و، ئەم پێشکەوتنە بە ڕێژەی گەشەی تەکنەلۆژی دەپێورێت. بەم شێوەیە، کولتووری دواکەوتوو دەبێت کۆمەڵە سیستەمی بەهاکانی خۆی لەگەڵ کولتووری پێشکەوتوودا بگونجێنێت و، بەم شێوەیە، ببێتە هاوچەرخ و مۆدێرن(Lerner, 1968: 386).

سەبارەت بەو جۆرە بزووتنەوە بەرفراوانە لە ڕۆژئاوا بەهۆی ویستی خەڵک بۆ ژیانێکی باشتر، لێرنەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە هۆی ئەزموونی ڕاستەوخۆ، هۆگرییان بۆ ئایدیای گۆڕانکارییدا هەبوو، ئەم بزاوتە فیزیکییە، بزاوتی کۆمەڵایەتی دەهێنێتە ئاراوە و لەگەڵیدا، سیستەمێکی بەها بۆرژوازییەکان هاتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وەک دۆخێکی ئاسایی تەماشا دەکات (Lerner, 1958: 47-48). پرۆسەی بزاوتی کۆمەڵایەتی( social mobilization)، پێویستی نوێ و خواستی نوێ و داواکاری نوێ دروست دەکات. بزاوتی کۆمەڵایەتی واتە زیادبوونی گەشەسەندنی سیاسیی دانیشتووان، بەتایبەت زیادبوونی ئاڵنگارییەکانی گەشەسەندنی سیاسیی دامەزراوەکان. لێرنەر عەقڵانییەت وەک تایبەتمەندییەکی بەرچاوی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا تەماشا دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی بزواو، دەبێت هاندەری عەقڵانییەت بێت، چونکە کردەی هەڵبژاردن، ڕەفتاری تاکەکەسی لە بۆتە دەدات و پاداشتەکانی مەرجدار دەکات. مرۆڤەکان دێن بۆ ئەوەی داهاتووی خۆیان وەک دنیایەکی دەستکاریکراو ببینن نەک وەک دنیایەکی دەستنیشانکراو و ئاسۆی کەسیی خۆیان( Lerner, 1958: 48).

هزری لێرنەر لەسەر داڕشتنی مۆدێلێکی جیهانی بۆ مۆدێرنیزاسیۆن بوو، لەم ڕووەوە، هەوڵیدا ڕوونی بکاتەوە کە چۆن کۆمەڵگەکان لە قۆناغی تەقلیدییەوە دەگوازرێنەوە بۆ قۆناغی ڕاگوزەریی

«Transitional Stage» و دواجار دەیگۆڕن بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە ڕوودەدەن: **یەکەم:** زیادکردنی ڕێژەی شارنشینی **دووەم:** فراوانکردنی خوێندەواری؛ **سێیەم:** دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری، **چوارەم:** زیادکردنی بەشداری سیاسی و ئابووریی خەڵک. لێرنەر بە خستنەڕووی پەیوەندییەکی ئاسۆیی، هەوڵیدا پێگەی هەر گۆڕاوێک لە قۆناغە جیاوازەکانی ئەو پەیوەندییە ڕوون بکاتەوە. دەرئەنجامی ئەم قۆناغانە، گۆڕینی کۆمەڵگەی نەریتیە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن. لێرنەر پێیوایە کەسێکی مۆدێرنیستی خاوەنی خوێندەواریی دانیشتووی شار و ئامرازی پەیوەندیی جەماوەری و هاوسۆزی بەشداری سیاسی، بەرزترین ئاستی مۆدێرنیزاسیۆنی هەیە (جعفری، ٢٠١٠: ١٠٠).

لێرنەر یەکەم فاکتەر لە بەدیهێنانی مۆدێرنیزاسیۆن بە گەشەپێدانی شار و شارنشینی لەبەرچاو گرتووە و پێیوایە ئێمە پیشەسازیی دەخەینە ژێر نیشاندەر و پێنوێنی شارنشینی خۆمانەوە، ئەمە گۆڕاوێکی سەرەکییە لە سیستەمەکەماندا، چونکە لە ڕووی مێژووییەوە، پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا، بە شارنشینی دەستی پێکردووە. ئەرکی داهاتوومان ئەوە دەبێت کە نیشانی بدەین خوێندەواری و بەشداریکردنی میدیا، پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە هەیە و ئەو دووانە بە شارنشینییەوە ببەستینەوە. کاتێک ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لە «١٠%»ی کۆی دانیشتوانی وڵات تێدەپەڕێت، پرۆسەی گەشەپێدان دەست پێدەکات؛ چونکە ژمارەی خوێندەوارەکان لە لایەک و ژمارەی بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری لە لایەکی دیکە زیاد دەکات و، هەموو ئەمانە دواجار دەبێتە هۆی بەشداری سیاسیی خەڵک. ئەم زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان تا «٢٥%» ڕاستەوخۆ کاریگەرە لە گەشەپێدان، بەڵام دوای ئەوە، کاریگەری خۆی لەدەست دەدات و بارگرانی گەشەپێدان دەخاتە سەر شانی پەروەردە و ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری (لرنر، ٢٠٠٤: ٩٨-٩٩) .

لێرنەر بە پێشنیازکردنی چەمکی «**هاوسۆزی**» و «**کەسایەتی گواستنەوەیی**» هەوڵدەدات ڕەهەندە دەروونییەکان و ئامادەیی دەروونی مرۆڤەکان لە قبوڵکردنی تازەگەریی و داهێناندا دەستنیشان بکات، بۆیە کاتێ لێرنەر لە جوتیارێکی لادێی بالگاتی تورکیا دەپرسێت **«ئەگەر ببیتە سەرۆک چی دەکەیت؟»** و هیچ وەڵامێکی بۆ ئەم پرسیارە نییە. بۆیە جوتیارەکە وەڵام دەداتەوە کە شتێکی وا مەحاڵە، بەڵام کاتێک هەمان پرسیار لە کەسێکی دیکە دەکات کە لە شاردایە و خوێندەواری هەیە، وا وەڵامی دەداتەوە کە هەوڵ دەدات شەقامی تازە دروست بکات، و کەم ئاوی چاک دەکات، و...هتد. بۆیە لە کەسی دووەمدا، ئامادەکاری دەروونی و هاوسۆزی زیاتر هەیە(لرنر، ٢٠٠٤: ١٨٧).

لێرنەر پێناسەیەکی ورد بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا دەخاتەڕوو، ڕوونی دەکاتەوە کە بە چ ڕیزبەندییەک ڕوودەدەن. چوار گۆڕاوی دیکە لەبەرچاو دەگرێت، ئەوانیش بریتیین لە »**شارنشینی**»، «**خوێندەواری**»، «**میدیا**» و «**بەشداری سیاسی**». هەروەها پێیوایە پەیوەندی نێوان ئەم گۆڕاوانە سیستماتیکە(Lerner, 1958: 63). **قۆناغی یەکەم** شارنشینییە، کە بریتییە لەو ڕێژەیەی لە شارەکاندا دەژین کە زیاتر لە «٥٠» هەزار کەسە. لەگەڵ شارنشینیدا، پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە ڕووی مێژووییەوە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان دەستی پێکردووە(Lerner, 1958: 58). لێرنەر دەڵێت جارێک نزیکەی لە «١٠%»ی دانیشتووان شارنشین بوون، شارنشین بەو جۆرە پێناسە دەکرێت کە توانای خوێندنەوەیان هەیە بە زمانێکی هاوبەش، پێکەوە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا، یەکدەنگی زیاد دەکەن تا دەگەنە لە «٢٥%»، کە پێدەچێت باشترین ئاستی گرینگی شارنشینی بێت. لە دەرەوەی ئەم خوێندەوارییە بەردەوامە لە بەرزبوونەوە، و سەربەخۆیە لە گەشەی شارەکان(Lerner, 1958: 59). چڕبوونەوەی خەڵک دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەروەردەی بەکۆمەڵ بکرێت کە کارامەیی خوێندەواری دابین دەکات. بەم شێوەیە، یارمەتیدەرە بۆ پێکهێنانی بازاڕێک بۆ میدیای گشتی. بە گوتەی لێرنەر، پرۆسەی شارنشینی، خوێندەواری بەدوای خۆیدا هێنا ئەوەیش بە زیادبوونی خێرای بەکارهێنانی میدیا.

یەکێک لەو تایبەتمەندییە نموونەییانەی کە زۆر زیادەڕەوی تێدا کراوە، بەشداریکردنی گشتییە. وا گریمانە دەکرێت کە کۆمەڵگەی نەریتی، کۆمەڵگەیەکی بێ بەشدارییە و کۆمەڵگەی مۆدێرن کۆمەڵگەیەکە کە بەرزترین ئاستی بەشداری گشتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەیە. دانێل لێرنەر لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە فۆڕمی نموونەیی بەشداریکردن هێشتا لە ڕۆژئاوای مۆدێرن بوونی نییە و ڕەنگە هەرگیز لە هیچ شوێنێکدا بەدی نەهێنرێت، زۆرجار هاووڵاتیانی ڕۆژئاوایی لە ڕابردووی خۆیان، بێ ئاگان، دەنگدەران لە داهاتوو دوودڵن و زۆرجار بەکاربەران لە هەڵبژاردنەکانیان سەریان لێ شێواوە. پشتبەستن بە ڕای گشتیی ڕۆژئاوا بە دامەزراوە ڕۆژانەییەکانی ڕۆشنگەری کۆمەڵایەتی، وەک قوتابخانە و میدیای گشتی، ڕای گشتی بەرەو پرۆسەیەکی ڕۆژانەیی دەبات(Lerner, 1968: 387–388). ئارگومێنتی سەرەکی لێرنەر ئەوەیە کە میدیای گشتی لەبارن لە خۆراکدانی هاوسۆزیدا کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی تاکی مۆدێرن، چونکە هاوسۆزی پێشمەرجێکە بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی نوێ لە ڕووی دەروونییەوە و بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی جیاواز و نادیار. لێرنەر میدیای گشتی بە گرنگ دەزانێت بۆ پەروەردەکردنی هاوسۆزی. هەروەها (ڕۆبێرت ستیڤنسۆن) پێیوایە کە بەم شێوەیە، دارشتنی کەسایەتیە هاوسۆزەکان لە کۆمەڵگە نەریتییەکان بە هێنانەکایەی پەیوەندییە جەماوەرییەکان پەروەردە

دەکرێت(Stevenson, 1988: 113). پاشان هاوسۆزی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی خستە بزاوت. وەك بۆمان ڕوون بووەتەوە کە مۆدێرنیزاسیۆن بە گوێرەی دیدی لێرنەر گۆڕینی کارەکتەری گشتگیر لەخۆدەگرێت بە ئاراستەی بزاوتی دەروونی.

دواجار پێویستە بڵێین  پاشخانی تیۆرە کۆمەڵناسییەکان لەبارەی ئەم پرسە هەمەچەشن و زۆرە، ئێمە ئەم تیۆرەمان بەلاوە زۆر گونجاوتر بوو بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی کوردی، چونکە زیاتر جەخت لەسەر کۆمەڵگە ڕاگوزەرەکان دەکات لە لایەك، و لە لایەکی دیکە، پێشتر ئەم تیۆرە لەسەر شەش کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تاقیکراوەتەوە.

**توێژینەوەکانی پێشوو**

**١,٢,٢ توێژینەوە عێراقییەکان**

توێژینەوەکەی مؤید منفی محمد شرقی (٢٠١٦) بەناونیشانی «بەهای مۆدێرنیزاسیۆن و کاردانەوەکانیان لەسەر بەها خێڵەکییەکان لای خوێندکارانی زانکۆ و کاریگەریی ئەو کاردانەوانە لەسەر زانکۆ و کۆمەڵگەی مۆدێرنی عێراقی: توێژینەوەیەکی سۆسیۆ-ئەنترۆپۆلۆژییە لە زانکۆی ئەنبار»(شرقی، ٢٠١٦). ئامانجی توێژینەوەکە لەسەر چەند خاڵێک چڕ بووەتەوە، کە گرنگترینیان بریتی بوون لە؛ زانینی ڕیزبەندیی بەهاکان و پەیوەندی نێوان بەها و ئاراستەکانی مۆدێرنیزاسیۆن لای خوێندکارانی زانکۆ. هەروەها، مەبەست لێی ناسینی ئەو بەهایانە بووە کە لەسەرووی سیستەمی بەهاکانی خوێندکارانی زانکۆوەن لە ژێر ڕۆشنایی بەها خێڵەکییەکان و بەهاکانی مۆدێرنیزاسیۆندا. لەپاڵ ئەمانەشدا، ئامانجی توێژینەوەکە لەسەر ڕۆڵی زانکۆ لە گۆڕینی کۆمەڵگەی نەریتی لە عێراقدا و ڕۆڵی سیستەمی زانکۆ لە گۆڕینی جڤاتی پارێزگای ئەنبارە. کێشەی توێژینەوەکە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، پرسیاری ئەو کارلێک و دژبەیەکبوونە بووە کە لەنێوان بەهاکانی مۆدێرنیزاسیۆن و بەها خێڵەکییەکانی خوێندکارانی زانکۆدا هەیە، و چۆن ئەم دۆخە کاری دەکاتە سەر دامەزراوەی زانکۆ و کۆمەڵگە. هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە خوێندکارانی زانکۆی ئەنبار، و نموونەی توێژینەوەکە لەسەر«٢٠٠» یەکە ئەنجامدرا بوو، کە بە شێوازی هەڕەمەکی چیندار لە خوێندکارانی زانکۆکە هەڵبژێردرابوون. ئەم نموونەیە بەسەر دوو گۆڕاوی سەرەکیدا دابەش کرا :گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) و گۆڕاوی قۆناغەکانی خوێندن. میتۆدی توێژینەوەکە بریتی بووە لە میتۆدی وەسفی(Descriptive Method) . بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدەستهێنانی داتاکان، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پشتی بە پرسیارنامەیەکی ئامادەکراو بەستووە، کە پێکهاتبوو لە حەڤدە برگە و بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا دابەش کراوە.

وێڕای ئەوەش، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە چەند خاڵێکی سەرەکییان خستە ڕوو: یەکەم، دەرکەوتووە کە دڵسۆزی لەنێوان خوێندکاراندا بۆ هەندێک لە بەها خێڵەکییەکانیان هەیە، وەک پرۆسەی یارمەتیدانی خزم و کەسوکار کە بەرزترین ئاستی تۆمار کردووە. دووەم، لە هەمان کاتدا، خوێندکاران ویستیان بۆ بەکارهێنانی بەهاکانی مۆدێرنیزاسیۆن هەیە، بە تایبەت لە ڕووی بەها کولتووری و سیاسییەکانەوە. سێیەم، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕەنگدانەوەی مۆدێرنیزاسیۆن و بەها سیاسییەکانی خوێندکاراندا هەیە، بەتایبەت پشتگیریکردنی ئەو سیستەمە سیاسییەی کە ڕێز لە بۆچوون و دیدی گەنجان و دامەزراوە و کایە ناحکومییەکان بگرێت. هەروەها، لە بوارە کولتوورییەکاندا، بەهاکانی کارکردن بەرزترین ئاستیان بەدەستهێناوە لە بەراورد بە بەهاکانی دیکە.

### ٢,٢,٢ توێژینەوە کوردستانییەکان

توێژینەوەکەی ئەحمەد محەمەدپوور (٢٠١١) بە ناونیشانی «ئەزموونی مۆدێرنیزاسیۆن: تاوتوێکردنی گۆڕان و گەشەسەندن لە هەورامان» (محمدپور، ٢٠١١). توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە و بە گرتنەبەری تیۆری زەمینەسازی (Grounded Theory) وەکو چوارچێوەی تیۆری و میتۆدۆلۆژی ئەنجام دراوە. توێژینەوەکە لە ناوچەی هەورامانی تەخت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێ کراوە. گرنگترین ئامانجەکانی توێژەر بریتی بوون لە تێگەیشتن لە مانای ئاکامەکانی مۆدێرنیزاسیۆن و زانینی دیدی هەورامییەکان سەبارەت بە چۆنایەتی گۆڕان و مۆدێرنکردنی بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی جڤاتی هەورامان. زانینی سەرچاوەکانی ئەم گۆڕانکارییانە و پەیپێبردن و ڕاڤەکردنی ئاکامەکان و خستنەڕووی مۆدێلێکی زەمینەیی کە لەخۆگری هەر سێ ڕەهەندی هەلومەرج، کارلێک و ئەنجام بێت بەگوێرەی تیۆری زەمینەسازی. توێژەر پشتی بە میتۆدی چۆنایەتی بەستووە و لە نێویشیاندا میتۆدی ئیتنۆگرافیای بە وردی و لە ڕێگەی چەند هەنگاوێکی زانستییەوە بەکارهێناوە. هەروەها یەکەکانی توێژینەوەکەی لە ڕێگەی نموونەی تیۆری و نموونەی ئامانجدارەوە دەستنیشان کردووە. بۆ کۆکردنەوەی داتا، سوودی لە تەکنیکەکانی وەک: تێبینیکردن لە ڕێگەی بەشداری، چاوپێکەوتنی ڕێکنەخراو و کراوە، مێژووی زارەکی، تاوتوێکردنی بەڵگە و دیکیۆمێنتەکان، شێوازی سێکوچکەیی (Triangulation) بۆ کۆکردنەوەی داتا.

توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک دەرئەنجامی سەرەکی گەیشتووە کە واقیعی گۆڕانکاری لە هەورامان ڕوون دەکەنەوە، لە ڕووی تایبەتمەندی نەریتی و کاریگەری جوگرافیا دەرکەوتووە کە ناوچەی هەورامان لەبەرئەوەی ناوچەیەکی شاخاوییە، توانا و ئاسانکارییەکانی گەشەپێدانی سنووردارە. جڤاتی هەورامان هێشتا لە زۆر ڕووەوە، بە نەریتی ماوەتەوە. توخم و شێوازە نەریتییەکان لە لایەنەکانی وەک ئابووری، ئاژەڵداری، کشتوکاڵی، باخداری، بیروباوەڕ و بەها نەریتییەکان بە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ڕوونی دەبینرێت و هێشتا پێداگری و پاراستنی هەندێک لایەنی ژیانی نەریتی بەدی دەکرێت، وەک بەرخۆدانی دامەزراوە و ژیانی نەریتی.

### ٣,٢,٢ توێژینەوە بیانییەکان

توێژینەوەکەی کاترین دریوس (٢٠١٣) بە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە «کاریگەری مۆدێرنیزاسیۆن لەسەر نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە پارلەمان، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ئستۆنیا» (Drews, 2013). ئامانجی توێژینەوەکە چەند لایەنێکی سەرەکی لەخۆگرتووە: یەکەم، زانینی ڕۆڵی ئایین لە داڕشتنی میراتی کولتووریی کۆمەڵگە. دووەم، دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە میراتی کولتووری کۆت و بەند دەکەن. سێیەم، زانینی کاریگەری کولتووری کۆمەڵگەکانی دیکە لەسەر پرسی بەشداریی ژنان لە پرۆسەی سیاسیی و ئاستی نوێنەرایەتیکردنیان. کێشەی توێژینەوەکە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، پرسی توێژینەوە لەسەر ئەو بەربەستە کولتووری، ئابووری، و دامەزراوەییانە بووە کە ڕێگرن لەبەردەم پێگە و نوێنەرایەتی ژنان لە پەرلەمانی ئستۆنیادا، سەرەڕای ئەو گەشەسەندنی ئابووری و مۆدێرنیزاسیۆنەی لە وڵاتەکەدا هەیە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە کۆمەڵگەی ئستونیا و بە تایبەت ژنانی ئەو وڵاتە. میتۆدی توێژینەوەکە بریتی بووە لە میتۆدی تێکەڵاو (Mixed Method) بە شێوازی سێکوچکەیی، کە تێیدا داتا چۆنایەتییەکان پاڵپشتی داتا چەندایەتییەکان دەکەن. نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دیاری کراوە، کە بریتی بووە لەو ژنانەی کە (19) چاوپێکەوتنی قووڵی ڕێکخراوی لەگەڵ کراوە لە ئاست و تەمەن و گرووپی جیاواز. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری هەمەچەشنە بوون: یەکەم، پشتی بە داتا بنەڕەتییەکان (Primary data) بەستووە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی قووڵی ڕێکخراو. دووەم، پشتی بە داتاکانی دەستی دووەم (Secondary data) بەستووە، کە داتا فەرمییەکانی حکومەتی ئیستۆنیا بوون سەبارەت بە پرسی یەکسانی جێندەری لە بەشداریی سیاسیی ژنان لە پێگە فەرمییەکاندا.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە چەند خاڵێکی سەرەکییان لەسەر بەربەستەکانی بەردەم نوێنەرایەتی ژنان و کاریگەری مۆدێرنیزاسیۆن خستە ڕوو، دەرکەوتووە بەربەستەکانی نوێنەرایەتی ژنان: کۆمەڵناسان سێ کۆمەڵە بەربەستیان دەستنیشان کردووە(بەربەستی پێکهاتەیی) سەبارەت بە پرسە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان، وەک جیاکاری لە مووچە و داهات کە ژنان ناچار دەکات زیاتر خەریکی کارکردن بن و کاتێکی بەتاڵیان کەمتر بێت (بەربەستە دامەزراوەییەکان) سیستەمی سیاسی، هەڵبژاردن، کێبڕکێی حزبە سیاسییەکان)، و بەربەستە کولتوورییەکان (کە لەسەر بنەمای ئایینداریی کۆمەڵگەکان بیناکراوە). هەروەها دەرکەوتووە کە کاریگەرییە بەهێزەکانی ڕابردووی

سۆڤیەت لە هۆکارە مێژووییەکانی دیکە زیاترە، بە تایبەتی وەک جێپەنجەی سۆڤیەت لە یەکسانی جێندەری.

### ٥,٦,١ تاوتوێکردنی توێژینەوەکان

توێژینەوەکەی شرقی (2016) لە عێراق بە میتۆدی چەندایەتی/وەسفی، بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە خوێندکارانی زانکۆ بە شێوەیەک لە پێکەوەژیانی بەها خێڵەکی و مۆدێرنەکان پێکەوە رێ دەکەن و تێکەڵیان دەکەن. بە پێچەوانەوە، توێژینەوەی محەمەدپوور (2011) لە کوردستان، کە میتۆدی چۆنایەتی و قووڵ (ئیتنۆگرافیا)ی بەکارهێناوە، جەختی لەسەر بەرخۆدانی بەهێزی نەریت لە جڤاتی هەورامان کردووەتەوە، بە تایبەت بەهۆی کاریگەریی جوگرافیاوە، کە گۆڕانکاری سنووردار کردووە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، توێژینەوەی دریوس (2013) لە ئیستۆنیا، کە میتۆدی تێکەڵاوی پەیرەو کردووە، گرنگی بە کاریگەریی مۆدێرنیزاسیۆن داوە لەسەر نوێنەرایەتیکردنی ژنان، و دەرئەنجامەکەی ئەوە بووە کە سەرەڕای پێشکەوتنی ئابووری، هێشتا بەربەستە کولتووری و مێژووییەکان (وەک میراتی سۆڤیەت) رێگری سەرەکی لەبەردەم یەکسانی جێندەری دروست دەکەن. بە گشتی، توێژینەوەکان سێ شێوازی جیاوازی کارلێکی نێوان مۆدێرنیزاسیۆن و نەریتیان خستووەتە ڕوو: تێکەڵبوون (عێراق)، بەرخۆدان (کوردستان)، و بەربەستە مێژووییەکان (ئیستۆنیا).

### ٣ گۆڕانی بەها کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان و ئاکامەکانی مۆدێرنیزاسیۆن

بە تێپەڕبوونی کات یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا پرسی بەها کولتوورییەکان و گۆڕانی کولتوورییە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا. ئەم بابەتە وەک یەکێک لە دیاردە گرنگەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن سەرنجی زۆرێک لە کۆمەڵناسان و بیرمەندانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بە پەیوەندی نێوان گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەلایەك و گۆڕانکارییە کولتووری و بەهاییەکان لە لایەکی دیکە خراوەتەڕوو. هەندێک لەو دیدانە جەخت لەسەر یەککگرتنی بەهاکان دەکەنەوە ئەوەش لە ئەنجامی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن، یان بە واتایەکی دیکە، گۆڕانی بەها کولتوورییەکان لە ئەنجامی فشارە ئابووری و سیاسییەکان. ئەم دیدگایانە پێشبینی ئەوە دەکەن کە بەها نەریتییەکان لاواز دەبن و بەها مۆدێرنەکان جێگەیان دەگرێتەوە. لە بەرامبەردا، چەند دیدگایەکی دیکە جەخت لەسەر بەرخۆدانی بەها نەریتییەکان دەکەنەوە سەرەڕای گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکان، بەهاکان بە سەربەخۆ لە بارودۆخی ئابووری دەزانن و پێشبینی ئەوە دەکەن کە لێکنزیکبوونەوە لە بەها مۆدێرنەکان بەدوور دەزانن و

بەها نەریتییەکان سەرەرای گۆڕانکارییە کولتوورییەکان لە ئەنجامی گەشەسەندنی ئابووریدا بەردەوام دەبن لە مانەوە (خالقی فر، 2002:١١-١٢). هەروەها پارسۆنز پێیوابوو پێشکەوتن لە کۆمەڵگەدا ئاڵۆزیی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. جیاوازی کۆمەڵگەی نەریتی و مۆدێرن بریتییە لە پلەی دابڕانی پێکهاتەیی. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی نەریتی، خێزان هەم دابینکەری پەروەردەیە و هەم کارگەیەکی ئابوورییە، بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، دامەزراوەی پەروەردە و دامەزراوەی ئابووری لە خێزان جیا دەکرێنەوە. پارسۆنز مۆدێلێکی لە تیۆری سیستەمەکانی خۆیدا خستەڕوو و بە پشتبەستن بە مۆدێلەکەی، هەموو ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە هەریەک لە چوار وردەسیستەمی کۆمەڵایەتییەوە هەبووە خستەڕوو. (Parsons and Smelser, 1984)، (کرایب، ٢٠٠٩: ٦٢).

ڕۆناڵد ئینگلهارتیش یەکێکە لەو بیرمەندانەی هاوچەرخ کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا توێژینەوەیەکی بەرفراوانی لەسەر پەیوەندی نێوان گۆڕانی ئابووری و گۆڕانی کولتووری لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی ئەنجامداوە. لە توێژینەوەکانیدا هەوڵدەدات سروشتی گۆڕانی کولتووری و هۆکار و دەرئەنجامەکانی دەستنیشان بکات. ئینگلهارت سەرەتا ڕەخنە لە گریمانەی بنەڕەتی تیۆری مۆدێرنیزاسیۆن دەگرێت، کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە "گۆڕانکارییە ئابووری و کولتووری و سیاسییەکان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر و بە پێی نەخشەی یەکگرتوو بەرەوپێش دەچن و جیهان بە شێوەی پێشبینیکراو دەگۆڕن و پێیوایە ئێمە بەڵێنی ئەو جۆرە پێشبینیانە نادەین؛ کەس ناتوانێت بە وردی پێشبینی ڕەوتی گۆڕانکارییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان بکات، بەڵام هەندێک نیشانەی گۆڕانی ئابووری و سیاسی و کولتووری وەک یەکگرتوو و هاوتەریب دەردەکەون و بێگومان هەندێک لێشاوی گۆڕانکاری ئەگەری زیاترە لە هەندێکی دیکە. لە درێژخایەندا، کاتێک هەندێک لێشاو لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەردەکەون، ئەگەری سەرهەڵدانی هەندێک گۆڕانکاری گرنگیش زیاد دەکات (ازاد ارمکی و مسقطیان، 2001: ١٦).

وێڕای ئەوەش، یەکێک لە پێوەرە دامەزراوەکانی نۆرمە کولتوورییەکان ئەوەیە کە گروپێک لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕەفتارەوە چاوەڕوانی چی لە ئەندامەکانی دەکات. ئەم چاوەڕوانییانە و ئەو ڕەفتارانەی کە لێیانەوە دروست دەبن لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دیکە جیاوازن؛ نۆرمە کولتوورییەکان شێوەی جۆراوجۆریان هەیە، یەکێک لەوانە بەها کۆمەڵایەتییەکانە (کوهن، ١٩٩٦: ٣٨-٤٠). نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە بەها کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی سروشتی شایەنی گۆڕان و وەرچەرخانن لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا، چونکە بەها کۆمەڵایەتییەکان هەندێ کات بە زوویی دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. لە لایەکی دیکە، سروشتی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ سروشتی

نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازییان هەیە، چونکە بەها کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەیە بۆ وێنەی عەقڵیی تاک یان کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا نۆرم ئاماژەیە بۆ شێوازێکی ڕەفتار. هەروەها بەها کۆمەڵایەتییەکان بە پێی بارودۆخەکاندا تێدەپەڕێت، لەکاتێکدا نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ڕەفتاری تایبەت لە دۆخێکی دیاریکراودا دیاری دەکەن یان قەدەغە دەکەن. وێڕای ئەوەش، بەها کۆمەڵایەتییەکان لایەنێکی کەسی و ناوەکییانەی هەیە، لە کاتێکدا نۆرم دەرئەنجامی کۆدەنگییە و لایەنێکی دەرەکی بۆ کەسەکە هەیە. (امیری، ٢٠٠٦: ٢٦)، دواجار دەتوانین بڵێین هەندێک لە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی بەردەوامییەوە دەبنە نۆرم .لەم ڕووەوە، کۆمەڵناسەکان بەهاکان بە پێوەرە گشتی و باڵاکانی کۆمەڵگە دەبینن، لە کاتێکدا نۆرمەکان بریتیین لەو ڕێسایانەی کە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بەهایانەدا ڕەفتاری دیاریکراو لە دۆخە دیاریکراوەکاندا ڕێکدەخەن و بە کرداریان دەکەن.

ئەوەی لە نێو کۆمەڵناسانی ڕۆژئاوادا لە هەموو شتێک زیاتر باو بووە ئەوەیە کە بەها کۆمەڵایەتییەکان بە بەرهەمی عەقڵ دەزانن. پێیانوایە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە بنەڕەتدا بابەتی باوەڕن کە لە ڕێگەی توێژینەوە یان شیکاری دەروونییەوە دەتوانرێت بوونی بدۆزرێتەوە، کە ڕاستییەکەی ناتوانرێت پشتڕاست بکرێتەوە یان پاساویان بۆ بهێنرێتەوە. لە هەمان کاتدا، بەها کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی کۆتایی هەر ڕەفتارێکی عەقڵانی و ئامانجدار و هۆشیارن، بەڵام کۆمەڵناسە مارکسیستەکان پێیانوایە ئەوە کارلێک و بەها و پەیوەندی مرۆڤەکان بە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە کە ئەوان دیاری دەکەن، بەڵکو بەرژەوەندی چینایەتییە. هەروەها سەرکەوتن لە ململانێی چینایەتیدا بەندە بەو ڕادەیەی کە ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی چینێک بۆی دەجەنگێت لەگەڵ بەها بابەتییەکانی مێژوودا دەگونجێت (محمد، ٢٠٠١: ١٢٦-١٢٧).

**٤. خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان**

**١,٤ خستنەڕووی تایبەتمەندی و ئەنجام و شیکردنەوەی زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

**١,١,٤ تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

وەك دەردەکەوێت سەبارەت بە ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە، ڕەگەزی نێر (٥٥,٨%) و ڕەگەزی مێ (٤٤,٢%)ی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە، ناهاوتایی و لاسەنگییەکی دیار و جێی سەرنج لە نێوان ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە بەدیار ناکەوێ، چونکە هەوڵمانداوە بە پێی پانتاییە جوگرافییە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەرفەت بۆ هەردوو ڕەگەز هەبێت، تا بۆچوونەکانیان لە پرسی لێتوێژراو وەربگیردرێت. هەروەها لە ڕووی پێکهاتەی تەمەنیشەوە دەرکەوتووە کە زۆربەیان بە کەسانی پێگەیشتوو دادەنرێن؛ بەرزترین گروپی تەمەنی بریتییە لە (٣٨ تا ٤٢) بە ڕێژەی

(٢٩%)، دواتر گرووپی تەمەنی (٤٣ تا ٤٧) بە رێژەی (١٨%)، و گرووپی تەمەنی (٣٣ تا ٣٧) بە رێژەی (١٧,٥%) پێکهاتووە، هەروەها ناوەندی تەمەنی یەکەکە کە دواجار کاریگەرییەکی بەهێزی دەبێت، چونکە وەڵامەکانیان جێگیرتر و بەردەوامترە، ناوەندی تەمەنییەکەی (الوسيط العمري) لە مەودای (٣٨-٤٢)دایە، واتە پێکهاتەی تەمەن لەو مەودایە بە گشتی بە پێگەیشتوو دادەنرێت؛ دواتر گرووپی تەمەنی (٤٣ تا ٤٧) ساڵان بە رێژەی (١٨%) و گرووپی تەمەنی (٣٣ تا ٣٧) ساڵان بە رێژەی (١٧,٥%). ئەمەش رەنگدانەوەی چڕبوونەوەی روونی ناوەندی تەمەنە، کە بە دیاریکراوی جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە دەرکەوتنی ناوەندین (الوسيط) لە مەودای تەمەنی (٣٨ تا ٤٢) ساڵاندا، بە بەهای خەمڵێنراو نزیکەی (٣٩,٤) ساڵە (بە پشتبەستن بە حیسابکردنی ناوەندین بۆ پێکهاتە تەمەنییە یەکگرتووەکان).

هەروەها سەبارەت بە ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکە بە روونی دەرکەوتووە ئەو کەسانەی بڕوانامەی زانکۆییان هەیە بەرزترین رێژەیان هەیە؛ ئەمەش بەهۆی گۆڕانی بۆچوونی هاوڵاتی کوردی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی. هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس رێژەی لە (٥٣%)ی نموونەکە پێکدەهێنن، و رێژەی (١٨,٣%) نموونەکە هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵان (ماستەر و دکتۆرا)، بەمەش کۆی گشتیی ئەو یەکانەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرایان هەیە رێژەکەیان دەگاتە (٧١,٣%). بەڵگەنەویستە ئەو کەسانەی بڕوانامەی خوێندنیی و پەروەردەیی بەرزیان هەیە بە شێوەیەکی گشتی هۆشیارییەکی مەعریفی زیاتر و توانا و لێهاتوویەکی زیاتریان هەیە بۆ خستنەڕووی بۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی عەقڵانی بۆ ناوەڕۆکی پێشکەشکراو، کە رەنگە ئاستی ناوەندین لە رەهەندەکانی مۆدێرنیزاسیۆن و وەرگرتنی مەعریفیدا بەرز بکاتەوە.

لە رووی باری کۆمەڵایەتییشەوە، دەرکەوتووە کە زۆرینەی رێژەی نموونەکە کەسانی خێزاندارن بە رێژەی (٧١,٨%)، لە بەرامبەردا، رێژەی (٢٥,٨%) ئەو کەسانەن کە هاوسەرگیریان نەکردووە و سەڵتن. هەروەها رێژەی ئەو کەسانەی جیابوونەتەوەوە بریتییە لە (١,٥%) و تاکمردووەکانیش بریتیین لە (١%). ئەم رێژانە رەنگدانەوەی رێژەیەك لە سەقامگیری کۆمەڵایەتییە، کە لە هەڵوێستەکانی پەیوەست بە خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا رەنگ دەداتەوە.

لە لایەکی دیکە، سەبارەت بە جۆری نیشتەجێبوونیان؛ دەرکەوتووە کە رێژەی (٧٦,٥%)ی نموونەکە خاوەندارێتی شوێنی نیشتەجێبوونەکەیان دەکەن، لەکاتێکدا رێژەی (١٤,٥%)یان لە شوێنی نیشتەجێبوونی کرێدان، ئەمەش ئەدگارێکی دیکەیە بۆ هەبوونی جۆرێك سەقامگیری کاتەکی و بژێوییانە. لە رووی جۆرەکانی پیشەی نموونەکە دەرکەوتووە کە پانتایی کارکردن لە

کەرتی گشتی بە ڕێژەی (٥٧%) زاڵە، دواتر کارکردن لە کەرتی تایبەت بە ڕێژەی (١٩,٣%)ە و ئەو کەسانەی کە کاری سەربەخۆ دەکەن ڕێژەکەیان بریتییە لە (١٢,٨%)، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو یەکانەی کە هیچ کارێکیان نییە بریتییە لە ڕێژەی (٧%) کە ڕێژەیەکی سنووردارە. ئەم پێکهاتە دامەزراوەییە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی هەڵسەنگاندنێکی متمانەپێکراوتر بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

لە ڕووی شوێنەوە (شار/لادێ)، دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی لە ناوەندی شارەکان نیشتەجێن بریتییە لە ڕێژەی (٦٢,٥%)، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی ناوچە دەوروبەرییەکان/لادێیەکان بریتییە لە (٣٧,٥%)، ئەمەش دەکرێ ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە دەرخەری بەرزترین ئاستی زانیاری، خزمەتگوزاری و تەکنەلۆژیاکان، و مەیلی وەرگرتنی شێوازە نوێیەکانی ڕەفتار و بیرکردنەوەیە، هەر چەندە دابەشبوونی جوگرافی بە پێی (پارێزگاکان) بریتییە لە ڕێژەی (٣٤,٥%) بۆ پارێزگای هەولێر، و پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەی (٣٢,٥%)، و پارێزگای دهۆک بریتییە لە ڕێژەی (٢٦%)، وێڕای کەمترین نوێنەرایەتی توێژینەوەکە لە پارێزگای هەڵەبجە بە ڕێژەی (٧%). لە ڕووی زانستییەوە، ئەم هەمەچەشنییە بەسە بۆ ئەوەی بە پێی پێویست بەراوردکردنی شوێنەکی بکرێت.

سەبارەت بە ئاستی بژێویی، بە ڕوونی دەرکەوتووە کە زۆربەی نموونەکە ئاستی بژێوییەکەیان بریتییە لە «باش – ناوەند»ە، بە ڕێژەی (٩٣%) لە کاتێکدا تەنها ڕێژەی (٢%)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاستی بژێوییان خراپ یان زۆر خراپە. ئەمەش ئەگەری گۆڕانکاری سنووردار لە پێوەرەکانی خۆشگوزەرانیدا دەهێنێتە پێشەوە، و وریاییەکی زۆرتری دەوێ لە کاتی ڕاڤەی ناوەندییە بەرزەکان (متوسطات مرتفعة) کە بە بەرتەسکی دابەشکراون.

پوختەی ڕاڤەیی میتۆدۆلۆژییانە بۆ گۆڕاوەکان دەکرێ بەم چەشنە پوختی بکەینەوە: بەشێوەیەکی گشتی نموونەکە لە ڕووی ژمارەییەوە یەکگرتووە و تایبەتمەندیەکانی ڕوونە: یەکسانیی ڕەگەز بەرزە، مەودای تەمەنی پێگەیشتووە، ئاستی خوێندن بەرزە، سەقامگیری خێزان و نیشتەجێبوون هەیە، زۆرترین ڕێژەی کارکردن لە کەرتی گشتی یان حکومییە، و ژیانی شاریی، زاڵە. ئەم تایبەتمەندییانە بە گشتی بەشدارن لە یەکدەنگی لە وەڵامەکاندا، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە دەتوانن لایەنگریەکی بونیادیی دروست بکەن ئەگەر لە شیکارییەکانماندا بەرزەفت نەکرێن. بۆیە لە قۆناغە دەرەنجامییەکاندا، باشترە گۆڕاوە دیمۆگرافییە بنەڕەتییەکانی وەك **(ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، شار/لادێ، جۆری کارکردن)** وەک گۆڕاوە بەرزەفتکراوەکان پشتیان پێ ببەسترێت، یان شیکارییەکی پۆلینبەندیی و بەراوردکاری شوێنەکی ئەنجام بدرێت، ئەمەش بە تاقیکردنەوەی

بەهێزی ئەنجامەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئەگەری سنووورداری گۆڕانکاری (التباین) لە ئاستی بژێویدا.

لە خشتەی (١) بە ڕوونی هەموو زانیارییەکان خراونەتەڕوو.

**خشتەی (١) ئاماری وەسفی بۆ گۆڕاوە دیموگرافییەکان**

| گۆڕاوەکان | هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 223 | 55.80% |
| | مێ | 177 | 44.30% |
| گروپی تەمەن | 18-22 | 19 | 4.80% |
| | 23- 27 | 38 | 9.50% |
| | 28-32 | 28 | 7.00% |
| | 33-37 | 70 | 17.50% |
| | 38-42 | 116 | 29.00% |
| | 43-47 | 72 | 18.00% |
| | 48 + | 57 | 14.20% |
| ئاستی خوێندن | نەخوێندەوار | 1 | 0.30% |
| | دەخوێنێت و دەنوسێت | 10 | 2.50% |
| | سەرەتایی | 11 | 2.80% |
| | ناوەندی | 7 | 1.80% |
| | ئامادەیی | 30 | 7.50% |
| | دبلۆم | 56 | 14.00% |
| | بەکالۆریۆس | 212 | 53.00% |
| | خوێندنی باڵا | 73 | 18.30% |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 103 | 25.80% |
| | خێزاندار | 287 | 71.80% |
| | جیابۆوە | 6 | 1.50% |
| | تاك مردوو | 4 | 1.00% |
| جۆری نیشتەجێبوون | کرێ | 58 | 14.5% |
| | موڵك | 306 | 76.5% |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

خشتەی (١) ئاماری وەسفی بۆ گۆڕاوە دیموگرافییەکان

| گۆڕاوەکان | هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| | حکومی | 3 | 0.8% |
| | لەگەڵ کەسانیتر | 33 | 8.3% |
| پیشە | سەربەخۆ | 51 | 12.80% |
| | کەرتی حکومی | 228 | 57.00% |
| | کەرتی تایبەت | 77 | 19.30% |
| | بێ کار | 28 | 7.00% |
| | هی دیکە بنووسە | 16 | 4.00% |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوشار | 250 | 62.50% |
| | دەورووبەر | 150 | 37.50% |
| ئاستی بژێوی | زۆرباش | 20 | 5.00% |
| | باش | 168 | 42.00% |
| | ناوەند | 204 | 51.00% |
| | خراپ | 6 | 1.50% |
| | زۆر خراپ | 2 | 0.50% |
| پارێزگا | هەولێر | 138 | 34.50% |
| | سلێمانی | 130 | 32.50% |
| | دهۆك | 104 | 26.00% |
| | هەڵەبجە | 28 | 7.00% |

**٢,١,٤ گەنگەشەکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی ئامانجەکان**

لەم بەشەدا، سەرەتا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە خشتەکانەوە وەردەگرین و بەپێی ئامانجە دیاریکراوەکان ڕوونیان دەکەینەوە. دواتر، گفتوگۆ لەسەر ئەم ئەنجامانە دەکەین، بە پشتبەستن بەو چوارچێوە تیۆری و توێژینەوانەی پێشوو کە لە تەوەرەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێیان کردووە.

**١,٢,٣ بنکۆڵکردن، هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی دۆخی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە هەرێمی کوردستان.**

ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی (کۆلمۆگۆرۆڤ–سمێرنۆڤ) ئەوەیان دەرخستووە کە هەر سێ پێوەرەکەی ناو توێژینەوەکەمان (مۆدێرنیزاسیۆن، بەها کولتوورییەکان، بەها کۆمەڵایەتییەکان)

شوێنی دابەشبوونی ئاسایی ناکەون(**P<0.001**). لەسەر ئەم بنەمایە، پشت بە مەیلی ناوەندی بە ناوەند **(Median)** و مەودای چوارەکی **([IQR])** بەسترا لە جیاتی ناوەندی ژمێرەیی. هەروەها تاقیکردنەوە ناپارامەترییەکان **(سپێرمان)** بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییەکان بەکارهێنرا. بەها ناوەندییەکان لە سەرووی سنووری گریمانەیی (٣) لە ڕەهەندی مۆدێرنیزاسیۆن دەرکەوتووە، ئەمەش مەیلێکی ئەرێنی بەرەو مۆدێرنیزاسیۆن دەردەخات، لە کاتێکدا لە نێوان بێلایەنی و نزمی ڕێژەیی لە دوو پێوەری بەها کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکاندا بوون، ئەمەش جیاوازییەکی ڕوون لە وەڵامەکانی نموونەکەدا دەردەخات.

هاوکۆلکەکانی سپێرمان ئەوە دەردەخەن کە ڕێڕەوی مۆدێرنیزاسیۆن بەهێزییەکی زیاتری لە تەوەری **(دامەزراوەیی–شارستانی)دا** هەیە. بەشداریی سیاسی بەرزترین پەیوەندی تۆمار کردووە کە بریتییە لە (ρ=0.498)، دواتر متمانە بە دامەزراوە حکومییەکان ڕێژەکەی بریتییە لە (ρ=0.466)، پاشان دادپەروەریی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان ڕێژەکەی بریتییە لە (ρ=0.459)، و پێگەی پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی نیشتمانی ڕێژەکەی بریتییە لە(ρ=0.449). هەروەها ئازادیی ڕۆژنامەوانی ڕێژەکەی بریتییە لە (ρ=0.436) و ئازادیی ڕەخنەگرتن لە بەرپرسان ڕێژەکەی بریتییە لە (ρ=0.431)، لەگەڵ پاکیی هەڵبژاردنەکان (ρ=0.423) و بڕوابوون بە دیموکراسی وەك باسترین سیستەمی حکومڕانی ڕێژەکەی بریتییە لە (ρ=0.399).ئەم ئەنجامانە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە مۆدێرنیزاسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر بنەمای بەشداری، شەفافیەت و ئازادییە دامەزراوەییەکان هەنگاوە بەراییەکانی خۆی ناوە.

لە تەوەری **(ئابووری–تەکنیکی)**دا، ئاراستەیەکی ئەرێنی بەرەو پسپۆڕییبوون (ρ=0.393) و پشت بەستن بە بڕوانامە زانستییەکان (ρ=0.380) و بنەماکانی شایستەیی (ρ=0.374) هەیە، وێڕای فراوانبوونی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە شوێنەکانی کارکردندا (ρ=0.344). هەروەها متمانە بە سیستمی بانکی (ρ=0.351) بە ڕێژەییەکی ڕوون بوو. کاریگەری ڕاگەیاندن لە شێوەدانی ڕای گشتییدا ڕێژەکەی بریتییە لە (ρ=0.331). دنیای دیجیتاڵی لە باشترکردنی کوالێتیی ژیاندا ڕەنگی دایەوە(ρ=0.240)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونێکی گەشەسەندوو بۆ مۆدێرنیواسیۆنی دیجیتاڵی.

لە ئاستی **پێوەرەکانی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا**، ئاماژەکان ڕێژەکەیان مامناوەند یان لاواز بوون، بەم چەشنە: ڕێزگرتن لە بیروباوەڕە ئایینییەکان ڕێژەکەی بریتییە لە (ρ=0.353)، یەکسانیی پەروەردەیی لە نێوان ڕەگەزەکاندا ڕێژەکەی بریتییە لە (ρ=0.259)، و مەیلی پابەندبوون بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژەکەی بریتییە لە (ρ=0.274). لە کاتێکدا هەندێک لە پێنوێنە

نەریتییەکان بەردەوام فشاریان هەبوو، وەک تێڕوانین بۆ زۆری منداڵ (ρ=0.189) و سنووردارکردنی پێگەکەی لە پەروەردەی لادێیدا (ρ=0.186). لاوازترین پەیوەندییش پەیوەست بوو بە هەبوونی جۆرێك لە ترس لە کولتووری ئاوارەکان کە ڕێژەکەی بریتییە لە(ρ=0.160) .

سەبارەت بە تەوەری (جێندەری)یش، گەورەترین ئاڵنگاریی دروستبوو؛ چونکە هەندێک برگە هاوکۆلکەی نەرێنییان تۆمار کردووە، دیارترینیان یەکسانیی لە ڕۆڵەکانی جێندەردا (ρ=−0.154) بوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خاوبوونەوەیەکی بەرچاوە لەم بوارەدا. هەروەها پرسی مووچە لە بەرژەوەندیی پیاواندا بەردەوام بوو(ρ=0.288)، و دەسەڵاتی بڕیاردانی خێزانی لە دەستی پیاواندا مایەوە (ρ=0.223). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پرسی جۆری کۆمەڵایەتی هێشتا وەک ڕێگرێک لە بەردەم مۆدێرنیزاسیۆندا دەمێنێتەوە.

لە ئەنجامدا، دەتوانرێت بوترێت کە واقیعی مۆدێرنیزاسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا، ناوەندێکی دامەزراوەیی چالاک پیشان دەدات کە پێشەنگیی برگە هەرە بەرزەکان بەرەو ڕێڕەوی مۆدێرنیزاسیۆن دەکات لە: **بەشداریی سیاسی** (برگەی ٤٦)، **متمانە بە دامەزراوەکان**(برگەی ٤٧)، **دادپەروەریی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستی**(برگەی ٣٥)، و **پەروەردە**(برگەی ٣٥)، هەموویان بە بەهای **(ρ)ی** ئەرێنی و بەرز دەردەکەون. لە بەرامبەردا، ئاراستەیەکی پێچەوانە لە برگەی یەکسانیی جێندەری لە ڕۆڵەکاندا (برگەی ٣) دەرکەوت کە هاوکۆلکەکەی نەرێنییە.

گەر خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسییانە لە ڕووی تیۆرییەکەی لێرنەر کە تیۆری توێژینەوەکەمانە، بکەین دەردەکەوێ کە یەکەم، گۆڕان لە بەها نەریتییەکان بۆ سێکۆلار−عەقڵانییەکان، و دووەم، گۆڕان لە بەهاکانی مانەوە (Survival) بۆ بەهاکانی خۆدەربڕین(Self−Expression) بوونی هەیە، کەواتە وەك دەردەکەوێ کە بەرزترین پەیوەندی لەگەڵ بەشداریی سیاسی (ρ=0.498)، متمانە بە دامەزراوە حکومییەکان (ρ=0.466)، دادپەروەری گەیشتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستی (ρ=0.459)، و ئازادیی ڕۆژنامەوانییە (ρ=0.436)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ خواستێکی بەهێز بۆ ئۆتۆنۆمیی مرۆیی، لیبرسینەوە و پلۆرالیزم. ئەم تایبەتمەندییانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو بەهایانەدا دەگونجێن کە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا لە ئەنجامی گەشەی ئابووری و ئاسایشی بوونی مرۆییدا سەرهەڵدەدەن. لە لایەکی دیکە، دژایەتی لە تەوەری جێندەریدا وەك: بوونی هاوکۆلکەی نەرێنی لە پرسی یەکسانیی و ڕۆڵی جێندەری (ρ=−0.154)بەڵگەی ئەوەیە کە مۆدێرنیزاسیۆنی ئامرازی (وەک تەکنەلۆژیا و ئابووری) هێشتا نەیتوانیوە بە تەواوی پێکهاتە نەریتییەکان لەسەر ئاستی ماف و دەسەڵاتی خێزانی بگۆڕێت.

هەروەها بەردەوامیی جیاوازیی مووچە (ρ=0.288) و مانەوەی دەسەڵاتی بڕیاردانی خێزانی لای نێرینە (ρ=0.223) نیشانەی باڵادەستیی بەهاکانی مانەوە/نەریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵات و سەرچاوەکاندا. ئەمە دژایەتییەکە لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا کە کۆمەڵناسەکان وەک «پێکەوەژیانی فرەکولتوورەکان» ناوی دەبەن.

هەروەها بە گەڕانەوە بۆ تیۆرەکەی دانێل لێرنەر (Lerner, 1958) کە جەخت لەسەر گرنگیی خوێندن، شارنشینی، و ڕاگەیاندن دەکاتەوە بۆ دروستبوونی تاکی بەمۆدێرنکراو کە توانای گەورەی هاوسۆزی (Empathy) هەیە. بۆ نموونە بەرزبوونەوەی پەیوەندیی نێوان مۆدێرنیزاسیۆن لەگەڵ ڕەچاوکردنی پەروەدە وەک ئامرازێکی گەشەی نەتەوەیی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە شوێنی کار، پشتگیریی لە بونیادی تیۆرەکەی لێرنەر دەکات. ئەمە نیشانەیە بۆ ئەوەی کە پەروەردە و تەکنەلۆژیا وەک ئامرازەکانی مۆدێرنیزاسیۆن بۆ کرانەوەی کۆمەڵگە کار دەکەن. هەروەها پەیوەندیی ئەرێنیی نێوان مۆدێرنیزاسیۆن و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی بۆچووندا و کاریگەریی میدیای دیجیتاڵی لە باشترکردنی چۆنایەتیی ژیان ئەوە دەسەلمێنێت کە میدیا نوێیەکان وەک هۆکاری سەرەکیی دروستکردنی ڕای گشتیی مۆدێرن و کراوە بۆ سیاسەتی نوێ کار دەکەن. وێرای ئەوەش، ڕێزگرتنی بەها و باوەڕە ئایینییەکان (ρ=0.353) و نەبوونی ترس لە کولتوورە تازەکان (ρ=0.160)، نیشانەی گەشەی توانای هەستکردن و لێبووردەیی کولتوورییە لە کۆمەڵگەدا. وەك ئەوەی لێرنەر ئاماژەی پێ دەکات کرانەوەی دەروونیی کەسی مۆدێرن ڕێگە بە پێکەوەژیانی فرەکولتووری دەدات.

وەك دەرکەوتووە کە پەیوەندییە بەرزەکانی نێوان مۆدێرنیزاسیۆن و پسپۆڕییبوون (ρ=0.393)، پشت بەستن بە بڕوانامە زانستییەکان (ρ=0.380)، و پێوەرەکانی شایستەیی (ρ=0.374) ئاماژەیە بۆ گەشەی بونیادی گشتگەرایی لە بوارەکانی کارکردن و ئابووریدا. ئەمە دژایەتیی لۆژیکی خێڵ و عەشیرەت دەکات و بنەمای پیشەسازی و دەوڵەتی مۆدێرنە، هەرچەندە بوونی پەیوەندیی لاواز لەگەڵ کۆتوبەندی شوێن لە خوێندنی لادێیدا (ρ=0.186) نیشانەی ئەوەیە کە لۆژیکی مۆدێرنیزاسیۆن بە شێوەیەکی ناتەواو جێبەجێ کراوە. ئەمە ئەوە نیشانی دەدات کە بونیادە نەریتییەکان و سنوورە جوگرافییەکان (لادێ/شار) هێشتا توانای ڕێگریکردن لە گەیشتنی یەکسانییان هەیە بۆ سەرچاوە مۆدێرنەکان. سەرباری بەکارهێنانی فراوانی تەکنەلۆژیا، بوونی کێشە لە هاوسەنگیی نێوان شار و لادێ و کەرتی گشتی و تایبەت، دەیسەلمێنێت کە وەرگرتنی سەرچاوە بێگیانەکان هێشتا نەکەوتووەتە سەر ڕێڕەوی جیاکاریی (Differentiation) و گشتگیربوونی یەکسان. بۆیە دواجار دەتوانین بڵێین ئەنجامەکانی شیکارییەکە جەخت لەسەر

بوونی مۆدێرنیزاسیۆنی فرەخێرایی (Multi-speed Modernization) لە هەرێمی کوردستاندا دەکەنەوە بەم چەشنەی خوارەوە:

**یەکەم: خێرایی بەرزی مەدەنی-سیاسی:** پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن خێراترین پێشکەوتنی لە تەوەری دامەزراوەیی و بەهاکانی خۆدەربڕینی مەدەنیدا بەخۆیەوە بینیوە (بەشداریی سیاسی، متمانەی دامەزراوەیی، پلۆرالیزم). ئەمە نیشانەی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی چالاک و مۆدێرنە.

**دووەم: خێرایی ناوەندیی ئابووری-تەکنەلۆژی:** پرۆسەکە لە بوارەکانی پسپۆڕی و شایستەیی و تەکنەلۆژیادا بە شێوەیەکی مامناوەند دەڕوات، کە جەخت لەسەر پەرینەوەی ئابووریی دەکاتەوە لە نەریتییەوە بۆ مۆدێرن.

**سێیەم: نزمی ئاستی یەکسانی جێندەری و بەهێزی کولتوور:** دەتوانین بڵێین پرسە جێندەری و کۆتوبەندییە نەریتییەکان (وەک سنووری ئایین و فەزای لادێ) وەک بەربەست کار دەکەن، چونکە بەهای مانەوە و نەریتی لەو بوارانەدا زۆر بەهێزترن لەوەی کە بەهای خۆدەربڕین بتوانێت بە ئاسانی بیانگۆڕێت. لە خشتەی (٢) بە وردی روون کراوەتەوە.

**خشتەی (٢) ڕەوشی مۆدێرنیزاسیۆن و پەیوەستی بڕگە بە پێوەری مۆدێرنیزاسیۆن**

| ژ | بڕگە | ڕیزبەندی هێزی بڕگەکەکان | ρ سپیرمان | ئاماژەداری | وەسفی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 46 | هاووڵاتیان بە شێوەیەکی کارا بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکاندا دەکەن | 0.498 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ - بەهێز |
| 2 | 47 | دامەزراوە حکومییەکان زیاتر متمانەیان پێدەکرێت لە سەرکردە خێڵەکییەکان یان ئاینییەکان | 0.466 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ - بەهێز |
| 3 | 35 | دەستڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی بۆ هەمووان یەکسانە | 0.459 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ - بەهێز |
| 4 | 14 | پەروەردە بە پلەی یەکەم وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی نیشتمانی سەیر دەکرێت | 0.449 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ - بەهێز |
| 5 | 41 | ئازادی ڕۆژنامەگەری هەیە | 0.436 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ - ناوەند+ |
| 6 | 43 | هاووڵاتیان ئازادن لە ڕەخنەگرتن لە سەرکردە | 0.431 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ - |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سیاسییەکان | | | ناوەند+ |
| 7 | 44 | پرۆسەی هەڵبژاردنی پارلەمانی، بە بەردەوامی بەڕێوەدەچێت و شەفافە. | 0.423 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند+ – |
| 8 | 49 | دیموکراسی لە هەموو جۆرەکانی تری حکومڕانی گونجاوترە. | 0.399 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 9 | 15 | ئەو کارە تایبەتمەندانەی کە پێویستیان بە بڕوانامە هەیە لە زیادبووندایە. | 0.393 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 10 | 4 | جیابوونەوە (تەڵاق) وەك لەکە تەماشا دەکرێ | 0.380 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 11 | 11 | مرۆڤەکان زیاتر لەسەر بنەمای بڕوانامەی خوێندنیان کار بەدەست دەهێنن نەک پەیوەندی کەسی | 0.380 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 12 | 45 | بەرپرسانی حکومەت لەسەر بنەمای شایستەیی هەڵدەبژێردرێن، نەک خزمایەتی. | 0.374 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 13 | 38 | تەماشاکردن و گوێگرتن لە میدیای بیانی یارمەتی خەڵک دەدات بۆ ئەوەی زیاتر یەکتر قبوڵ بکەین. | 0.364 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 14 | 39 | تاکەکان متمانەیان بە زانیارییەکانی میدیا هەیە | 0.364 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 15 | 26 | هەموو بیروباوەڕە ئایینییەکان بە یەکسانی ڕێزیان لێ بگیردرێت | 0.353 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 16 | 20 | زۆربەی خەڵک متمانەیان بە بانك و دامەزراوە داراییەکان هەیە | 0.351 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 17 | 16 | بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە شوێنەکانی کاردا بەربڵاوە | 0.344 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 18 | 40 | میدیاکان بونەتەهۆی گۆڕانی بۆچوونی سیاسیی تاکەکان | 0.331 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ ناوەند – |
| 19 | 13 | دەرچووانی زانکۆ ڕێزێکی زۆریان لێدەگیرێت | 0.315 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ناوەند– |
| 20 | 36 | پزیشکی سەردەم متمانەبەخشترە لە چارەسەرە فۆلکلۆرییەکان | 0.309 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – ناوەند– |
| 21 | 17 | کۆچکردن بۆ شارەکان بۆ کارکردن لە زیادبووندایە | 0.295 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – ناوەند– |
| 22 | 7 | پێویستە مووچەی پیاوان زیاتر بێت لە مووچەی ژنان | 0.288 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – ناوەند– |
| 23 | 8 | کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ کار یان خوێندن، باو و قبوڵکراوە. | 0.286 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – ناوەند– |
| 24 | 18 | دامەزراندن لە کەرتی حکومی جێگیرترە | 0.283 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – ناوەند– |
| 25 | 27 | سەرکردە ئایینیەکان نابێ دەستوەردان لە بڕیارە سیاسییەکان بکەن | 0.277 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – ناوەند– |
| 26 | 21 | ئاوارەکان کاریگەریان لە کەمکردنەوەی دەرفەتی کار هەیە | 0.276 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز+ |
| 27 | 24 | مرۆڤ پێویستە هەمیشە پەیڕەوی لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بکات | 0.274 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز+ |
| 28 | 10 | لە خوێندندا کچان و کوڕان یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت | 0.259 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز+ |
| 29 | 31 | ژیانی شار سەرنجڕاکێشترە بۆ گەنجان | 0.255 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز+ |
| 30 | 34 | پێویستە گەنجان هانبدرێن بۆ سەربەخۆ بیربکەنەوە | 0.255 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز+ |
| 31 | 28 | هەمیشە گوێڕایەڵی گەورەکان دەبم | 0.254 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز+ |
| 32 | 6 | خوێندنی زانکۆ بۆ کوڕان گرنگترە لە کچان | 0.247 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 33 | 37 | ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا ژیانمانی باشتر کردووە | 0.240 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 34 | 29 | دڵسۆزی بۆ خێڵ/بنەماڵە گرنگترە لە مافی تاک | 0.228 | ** ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 35 | 1 | نابێت ئافرەت تەنها بڕیارە گرنگەکانی خێزان بدات | 0.223 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 36 | 22 | پێویستە وتاری ئاینی ڕێنمایی هەموو لایەنەکانی ژیان بکات | 0.219 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 37 | 2 | پیاوان بە شێوەیەکی سروشتی سەرکردەی باشترن لە ئافرەتان | 0.218 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 38 | 48 | نەوەی کۆنی سیاسی، نەوەی تازەی سیاسی ڕەت دەکرێنەوە | 0.212 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 39 | 32 | پێویستە هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت | 0.209 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 40 | 5 | هەبوونی منداڵی زۆر وەک نیشانەی خۆشگوزەرانی | 0.189 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 41 | 12 | ناوچە گوندنشینەکان دەستڕاگەیشتنیان بە قوتابخانە سنووردارە | 0.186 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 42 | 23 | ڕێوڕەسمی ئاینی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستە | 0.181 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 43 | 25 | پێشکەوتنی زانستی گرنگترە لە ئامۆژگاری/ڕێنمایی ئاینی | 0.181 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 44 | 42 | پێویستە ئازادی قسەکردن پارێزراو بێت | 0.172 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 45 | 33 | پشتم بە تواناو هەوڵدان دەبەستم، نەک پشتگیری خێزان | 0.164 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 46 | 30 | کولتووری بێگانە هەڕەشە لە ناسنامەی نەتەوەیی دەکات | 0.160 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 47 | 3 | لای من نابێ ژنان و پیاوان ... ڕۆڵی یەکسانیان هەبێت | -0.154 | **ئاماژەدارە | ناڕاستەوخۆ – لاواز |
| 48 | 19 | زۆربەی خەڵک لە بواری کشتوکاڵ کار ناکەن | 0.145 | **ئاماژەدارە | ڕاستەوخۆ – لاواز |
| 49 | 9 | پەروەردە پشتیوانیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بکات | 0.123 | *ئاماژەدارنییە | ڕاستەوخۆ – لاواز |

**٣,١,٤ پێوانەکردنی ئاستی کاریگەریی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان.**

**یەکەم: لایەنی کولتووری (بەها کولتوورییەکان):** ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان ئەوە دەردەخەن کە کاریگەریی مۆدێرنیزاسیۆن لە بواری کولتووریدا سەرەتا بەرەو کرانەوەی نیشتمانی و عەقڵانیبووندا دەچێت، پاشان بەرەو لێبوردەیی ئایینی و مەدەنی، و زمان و ناسنامە. لە پێش هەموویان، کرانەوەی نیشتمانی کە لە برگەی «**هاوبەشبوون و تێکەڵاوی کولتووری و نەتەوەییم زیاتر بووە**» بە بەهای (ρ=0.549) بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردووە، دواتر بەشداریی هێمایی و نیشتمانی وەك ئەوەی لە برگەی «**بەشداری بۆنە نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەم**» بە بەهای (ρ=0.542).

هەروەها دووبارە دارشتنەوەی بەهاکان لە ڕێگەی کایەی میدیاییەوە وەك ئەوەی لە برگەی «**سۆشیال میدیا کاریگەری لە گۆڕانی بەها کولتوورییەکانم کردووە**» بە بەهای (ρ=0.522) و لە برگەی «**سۆشیال میدیا بۆتە هۆی ئەوەی کە وشەی بیانی بەکاربهێنم**» بە بەهای (ρ=0.499)خێراتر دەبێت، وێرای بەهێزبوونی شانازیکردن بە هێما نەتەوەییەوەکان وەك ئەوەی لە برگەی «**ڕێز لە ئاڵا و سروودی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان دەگرم**» بە بەهای(ρ=0.496).

قبووڵکردنی ئەوی دیکە لە ڕووی کولتوورییەوە وەك ئەوەی لە برگەی «**بایەخ بە بەها و داب و نەریتەکانی نەتەوەکانی دیکە دەدەم**» بە بەهای (ρ=0.488) و برگەی «**کولتووری نەتەوەکانی دیکە ڕەت ناکەمەوە**» بە بەهای (ρ=0.481)  دوو برگەی بەهێزن، لە کاتێکدا ژیان بەهۆی تەکنەلۆژیاوە عەقڵانی دەکرێت وەك ئەوەی لە برگەی «**تەکنۆلۆژیا کاریگەری هەبووە لە گۆڕانی ڕێژە و جۆری مەسرەفی ژیانم**» بە بەهای (ρ=0.452). بەهاکانی ئاشتی و تێکەڵبوون لە برگەی «**پاڵپشتی ئاشتیخوازی نێوان کولتوورە جیاوازەکان دەکەم**» بە بەهای (ρ=0.441) پتەو دەبن، و لێبوردەیی ئایینی–شارستانی فراوان دەبێت وەك ئەوەی لە برگەی «**بەشداری لە ڕێورەسمە ئاینییە جیاوازەکان دەکەم**» بە بەهای (ρ=0.434) هاتووە.

هەروەها کاریگەریی بزاوتی دانیشتووان لە شێوەدانی ژیانی ڕۆژانەدا دەردەکەوێت وەك ئەوەی لە برگەی «**پەنابەرەکان کاریگەریان لەسەر شێوازی ژیانم هەبووە**» بە هەردوو بەهای (ρ=0.412)و(ρ=0.328)، لەگەڵ گرنگیپێدانێکی گشتیی دیجیتاڵی لە برگەی «**گرینگی بە بابەتەکانی بڵاوبوونەوەی ناو سۆشیال میدیا دەدەم**» بە بەهای (ρ=0.404) و لێبوردەیی نا–

ئایینی لە بڕگەی **«ڕێز لەو کەسانە دەگرم کە هیچ باوەڕێکی ئایینیان نییە»** بە بەهای(**ρ=0.389**).

وەك دەردەکەوێ تاکەکان ناسنامەی خۆیان دەپارێزن بە کرانەوەیەکی ژیرانەدا وەك ئەوەی لە بڕگەی **«پابەندم بە کولتووری نەتەوەکەم»** بە بەهای (**ρ=0.367**)، و زمان و ناسنامە هاوسەنگ دەکرێن لە بڕگەی **«بایەخ بە پاراستنی زمانی دایك دەدەم»** بە بەهای (**ρ=0.299**) و بڕگەی **«بایەخ بە فێربوونی زمانی بیانی دەدەم»** بە بەهای (**ρ=0.257**)، لەگەڵ پاراستنی ئازادیی کەسی لە بڕگەی **«ئازادم لە هەڵبژاردنی جۆر و شێوازی جلوبەرگم»** بە بەهای(**ρ=0.279**)، و دانان بە ڕۆڵی پێوەریی ئایین لە بڕگەی **«ئایین ڕۆڵی لە داڕشتنی یاساکاندا هەیە»** بە بەهای(**ρ=0.262**) ، لە کاتێکدا کاریگەریی «لاوازکردنی هەندێک شێوەی نەریتی» بە تەکنەلۆژیا ڕێژەیەکی لاوازتری هەیە لە بڕگەی **«تەکنۆلۆژیا کاریگەری لەسەر لاوازکردنی شێوەزارەکانی کوردستان کردووە»** بە بەهای(**ρ=0.203**).

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین گشت بڕگەکانی خشتەکە ئاماژەدارن و نیشانەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئەرێنیی بەهێزن لەگەڵ پێوەرە گریمانەکراوەکە (کۆی بڕگەکانی بەها کولتوورییەکان/مۆدێرنیزاسیۆن). وەك دەردەکەوێ کە ئەنجامەکانی ئەم داتایانە تیۆرییەکەی دانێل لێرنەر پشتڕاست دەکاتەوە، کە جەخت لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندنی جەماوەری ((Mass Media دەکاتەوە لە گواستنەوەی کۆمەڵگەی نەریتی بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن. لێرنەر پێیوایە میدیا و سۆشیالمیدیا هۆکاری سەرەکیی گۆڕانی بەهاکانە. ئەم پەیوەندییە بەهێزە (وەك لە بڕگەی ٨، بە بەهای ٠.٥٢٢) نیشانەی ئەوەیە کە میدیا نەک تەنها زانیاری دەگوازێتەوە، بەڵکو بەها کولتوورییە نوێیەکانیش (کە زۆرجار بەهاکانی خۆدەربڕین و عەلمانییەتی تێدایە) دەگوازێتەوە و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکات. وەك ئەوەی لە بڕگەی (٩)دا دەرکەوتووە کاریگەریی میدیا لەسەر زمانی ڕۆژانە، کە بەشێکە لە گۆڕانی گشتگیری کولتوور. لێرنەر ئەمەی وەک بەشێک لە پرۆسەی «هاوسۆزی» دەبینێت، کاتێک تاکەکان دەیانەوێت هاوشێوەی ئەو کەسایەتی یان گرووپە بن کە لە میدیاکاندا دەیبینن، بەکارهێنانی وشەی بیانیش بەشێکە لە ئەدگاری مۆدێرن. لە لایەکی دیکە، وەك لە بڕگەی (٧) دەرکەوتووە کە گۆڕانی پەیکەری ژیانی ئابووری کە پەیوەندی بە زیادبوونی بەشداری ئابووری (قۆناغی چوارەمی تیۆرەکەی لێرنەر) هەیە. تەکنۆلۆژیا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئارەزووی کڕین و بەکاربەریدا، کە نیشانەیەکی دیاری مۆدێرنیزاسیۆنە.

هەروەها لە بڕگەی (١١) دەرکەوتووە کە ڕێزگرتن لەو کەسانەی باوەڕی ئایینیان نییە (وەك ئەوەی لە تیۆرەکەی ئینگڵهارت هاتووە) نیشانەیەکی ڕوونە بۆ گواستنەوە بەرەو بەها عەلمانی و

عەقڵانییەکان. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، گرنگیی ئایین زۆر بەرزە و لێبوردەیی بەرامبەر بێباوەڕەکان کەمە. زیادبوونی ئەم لێبوردەییە، بەڵگەیەکی گرنگە بۆ لاوازبوونی دەسەڵاتی ئایین و باوەڕە نەریتییەکان لەسەر ئاستی تاک. هەروەها بڕوابوون بە هەبوونی خۆشەویستی نێوان کچان و کوڕان ئاماژەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بنەما خێزانییە نەریتییەکان و زیادبوونی ئازادی تاکەکەسی، کە بەشێکە لە گواستنەوە بەرەو بەها عەلمانی و عەقڵانییەکان و بەهاکانی خۆدەربڕین.

دواجار دەتوانین بڵێین کە ئەم ئەنجامانەی لایەنی کولتووری مۆدێرنیزاسیۆن ئاماژەیە بۆ دیاردەیەک کە کۆمەڵناسەکان باسی دەکەن: کوردستان لە قۆناغێکی لێکگرێدراودایە. تاکەکان بەردەوامن لە پابەندبوون بە ناسنامە نەتەوەییە ڕەسەنەکان (مانەوەی کولتووری) لە کاتێکدا کە کراوە دەبن بەرامبەر بە کولتوورەکانی دیکە و بەها عەلمانییەکان (مۆدێرنیزاسیۆن). ئەم جۆرە هاوسەنگییە، جیاوازە لە مۆدێلی مۆدێرنیزاسیۆنی ڕۆژئاوایی، کە تێیدا نەتەوەپەرستی لاواز دەبێت، بەڵام لە کۆمەڵگە تازەگەشەسەندووەکانی وەک کۆمەڵگەی کوردی، نەتەوەگەرایی و کرانەوەی کولتووری پێکەوە بەرەوپێش دەچن. لە خشتەی (٣) بەوردی ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی (٣) پەیوەستی بڕگە بە پێوەری بەها کولتوورییەکان**

| ژ | پێوەری بەها کولتوورییەکان | بەهای سپێرمان | ئاستی ئاماژەداری |
|---|---|---|---|
| ١. | بایەخ بە بەها و داب و نەریتەکانی نەتەوەکانی دیکە دەدەم. | .488** | ئاماژەدارە |
| ٢. | پابەندم بە کولتووری نەتەوەکەم | .367** | ئاماژەدارە |
| ٣. | کولتووری نەتەوەکانی دیکە ڕەت ناکەمەوە. | .481** | ئاماژەدارە |
| ٤. | بایەخ بە پاراستنی زمانی دایك دەدەم. | .299** | ئاماژەدارە |
| ٥. | بایەخ بە فێربوونی زمانی بیانی دەدەم. | .257** | ئاماژەدارە |
| ٦. | تەکنۆلۆژیا کاریگەری لەسەر لاوازکردنی شێوەزارەکانی کوردستان کردووە. | .203** | ئاماژەدارە |
| ٧. | تەکنۆلۆژیا کاریگەری هەبووە لە گۆڕانی ڕێژە و جۆری مەسرەفی ژیانم | .452** | ئاماژەدارە |
| ٨. | سۆشیال میدیا کاریگەری لە گۆڕانی بەها کولتوورییەکانم کردووە. | .522** | ئاماژەدارە |
| ٩. | سۆشیال میدیا بۆتە هۆی ئەوەی کە وشەی بیانی بەکاربهێنم. | .499** | ئاماژەدارە |
| ١٠ | گرینگی بە بابەتەکانی بڵاوبوونەوەی ناو سۆشیال میدیا دەدەم. | .404** | ئاماژەدارە |



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | ڕێز لەو کەسانە دەگرم کە هیچ باوەڕێکی ئایینیان نییە. | .389** | ئاماژەدارە |
| ١٢ | بەشداری لە ڕێورەسمە ئایینییە جیاوازەکان دەکەم. | .434** | ئاماژەدارە |
| ١٣ | پێموایە ئایین ڕۆڵی لە داڕشتنی یاساکاندا هەیە | .262** | ئاماژەدارە |
| ١٤ | پەنابەرەکان کاریگەریان لەسەر شێوازی ژیانم هەبووە | .328** | ئاماژەدارە |
| ١٥ | هاوبەشبوون و تێکەڵاوی کەلتووری و نەتەوەییم زیاتر بووە. | .549** | ئاماژەدارە |
| ١٦ | ئازادم لە هەڵبژاردنی جۆر و شێوازی جلوبەرگم بێ دەستوەردانی کەسانی دیکە. | .279** | ئاماژەدارە |
| ١٧ | خۆشەویستی نێوان کچان و کوڕانم بەلاوە ئاساییە. | .393** | ئاماژەدارە |
| ١٨ | پاڵپشتی ئاشتیخوازی نێوان کولتووره جیاوازەکان دەکەم. | .441** | ئاماژەدارە |
| ١٩ | بەشداری بۆنە نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەم | .542** | ئاماژەدارە |
| ٢٠ | ڕێز لە ئاڵا و سروودی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان دەگرم. | .496** | ئاماژەدارە |
| ٢١ | پەنابەرەکان کاریگەریان لەسەر شێوازی ژیانم هەبووە. | .412** | ئاماژەدارە |

**دووەم: لایەنی کۆمەڵایەتی (بەها کۆمەڵایەتییەکان):** سەبارەت بە ئەنجامەکانی لایەنی دووەم، گەشەی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە پێگەیشتنی هاووڵاتیبوون و گەشەکردنی ڕۆڵی پەروەردە و تەکنەلۆژیا و کرانەوەی پەیوەندییەکان و بەهێزکردنی پێگەی ژن، وێڕای گۆڕانکاری لە بازاڕی کار و کەمبوونەوەیەکی ڕێژەیی بەشداریی نەریتی. هاووڵاتیبوونی سیاسی وەك ئەوەی لە برگەی «**ڕێز لە کەسایەتی سیاسیی جیاواز دەگرم**» بە بەهای **(ρ=0.558)** هاتووە، پلەیەکی بەرزی هەیە، و فرەیی لە برگەی «**هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی گرنگە بە لای منەوە**» بە بەهای **(ρ=0.468)** بەهێز دەبێت، و پەروەردە دەتوانێ شێوازی ژیان بگۆڕێت لە برگەی «**پرۆسەی پەروەردە کاریگەری هەیە لە گۆڕانی شێوازی ژیانمان**» بە بەهای**(ρ=0.477)**، لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا خۆشگوزەرانیی ڕۆژانە بەهێز دەکات وەك ئەوەی لە برگەی «**بڕوام بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا هەیە بۆ خۆشگوزەرانی ژیانم**» بە بەهای**(ρ=0.456)**، و پەروەردە و کاریگەریی لەسەر هەستی نیشتمانییبوون وەك ئەوەی لە برگەی «**پەروەردە بۆتە بەهێزیبوونی هەستی نیشتیمانیم**» بە بەهای **(ρ=0.435)** بەهێز دەردەکەوێ.

لە پرسی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوتووە، ئاستی قبووڵکردن لە نێوان گرووپەکاندا وەك ئەوەی لە برگەی «**بڕوام بە هاوسەرگیری لەگەڵ خەڵکی بیانی هەیە – نەتەوەی جیاواز، هەمان ئایین**» بە بەهای **(ρ=0.431)** و برگەی «**هاوسەرگیری لەگەڵ خەڵکی بیانی – ئایینی جیاواز**

– **ئاساییه لای من»** به بەهای (ρ=0.403) فراوان دەبێت، و کاریگەریی ڕێکخراوەکانی ژنان دەردەکەوێت لە بڕگەی «**ڕێکخراوەکانی ئافرەتان؛ کاریگەرییان لە گۆڕینی ڕەفتار و بیرکردنەوەی ئافرەتان هەبووە»** به بەهای (ρ=0.407). هەروەها دەرفەتەکانی کارکردن بۆ خەڵک وەك ئەوەی لە بڕگەی «**لە ئێستادا دەرفەتەکانی کارکردنم هەمەچەشن بووە»** بە بەهای (ρ=0.345) فراوان دەبێت، و هۆشیاریی حزبی زیاد دەکات وەك ئەوەی لە بڕگەی «**حزبە سیاسییەکان ڕووحی شارچێتییان لای من زیاد کردووە»** بە بەهای (ρ=0.348)، لەگەڵ ڕێزگرتن لە فرەچەشنیی تەمەن بەوەی «**ڕێز لە بۆچوونی تەمەنە جیاوازەکان دەگرم»** بە بەهای (ρ=0.342).

بەهێزکردنی پێگەی ژن لەسەر ئاستی خێزانی و کردەیی وەك ئەوەی لە بڕگەی «**بڕوام بە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ هەیە»** بە بەهای (ρ=0.340) و بڕگەی «**یەکسانی لە ڕاپەڕاندن و ڕاییکردنی کاروباری ماڵەوە لە نێوان هاوسەرەکان هەیە»** بە بەهای (ρ=0.331) بەهێز دەبێت، لەگەڵ هەستکردن بە لاوازییەکی ڕێژەیی لە بەشدارییە ئابوورییەکانی ناو ماڵدا لە بڕگەی «**بەشدارییە ئابوورییەکانی ئەندامانی نێو خێزانەکەم لاواز بووە»** بە بەهای (ρ=0.308). پەیوەندییەکانی ڕۆژانە بەرەو بەرژەوەندیخوازانەتر دەگۆڕێن وەك ئەوەی لە بڕگەی «**لەم سەردەمە هاوڕێیەتی بۆتە بەرژەوەندیخوازانە»** بە بەهای (ρ=0.282)، و تێکەڵاوبوون لە چالاکییە نەریتییەکاندا کەم دەکاتەوە لە بڕگەی «**لە ئێستادا کەمتر بەشداری لە بۆنە و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەم»** بە بەهای (ρ=0.265)، ئەمەش لەگەڵ گواستنەوەیەکی وردە لە لۆژیکی خزمایەتی و بەشداریی نەریتی بۆ لۆژیکی هاووڵاتیبوون و لێهاتووی و هەڵبژاردندا دەگونجێت. وەک ئەوەی لە خشتەی (٤) ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی (٤) پەیوەستی بڕگەکان بە پێوەری بەها کۆمەڵایەتییەکان**

| ژ | پێوەری بەها کۆمەڵایەتییەکان | بەهای سپیرمان | ئاستی ئاماژەداری |
|---|---|---|---|
| ١. | بڕوام بە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ هەیە. | .340** | ئاماژەدارە |
| ٢. | پێموایە یەکسانی لە ڕاپەڕاندن و ڕاییکردنی کاروباری ماڵەوە لە نێوان هاوسەرەکان هەیە | .331** | ئاماژەدارە |
| ٣. | پێموایە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان؛ کاریگەرییان لە گۆڕینی ڕەفتار و بیرکردنەوەی ئافرەتان هەبووە. | .407** | ئاماژەدارە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤. | بڕوام بە هاوسەرگیری لەگەڵ خەڵکی بیانی هەیە (نەتەوەی جیاواز، بەڵام هەمان ئایینمان هەبێت). | .431** | ئاماژەدارە |
| ٥. | هاوسەرگیری لەگەڵ خەڵکی بیانی (ئایینی جیاواز) ئاساییە لای من. | .403** | ئاماژەدارە |
| ٦. | بەشدارییە ئابوورییەکانی ئەندامانی نێو خێزانەکەم لاواز بووە. | .308** | ئاماژەدارە |
| ٧. | لە ئێستادا دەرفەتەکانی کارکردنم هەمەچەشن بووە. | .345** | ئاماژەدارە |
| ٨. | پێموایە لە کارکردن ڕەچاوی پێگەی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی بکرێت | .258** | ئاماژەدارە |
| ٩. | هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی گرنگە بە لای منەوە. | .468** | ئاماژەدارە |
| ١٠. | حزبە سیاسییەکان ڕووحی شارچێتییان لای من زیاد کردووە. | .348** | ئاماژەدارە |
| ١١. | پێموایە خێڵ و عەشیرەت کاریگەریان لەسەر سیاسەت هەیە. | .341** | ئاماژەدارە |
| ١٢. | ڕێز لە کەسایەتی سیاسیی جیاواز دەگرم. | .558** | ئاماژەدارە |
| ١٣. | پەروەردە بۆتە بەهێزبوونی هەستی نیشتیمانیم. | .435** | ئاماژەدارە |
| ١٤. | پێموایە پرۆسەی پەروەردە کاریگەری هەیە لە گۆڕانی شێوازی ژیانمان. | .477** | ئاماژەدارە |
| ١٥. | لەم سەردەمە هاوڕێیەتی بۆتە بەرژەوەندیخوازانە. | .282** | ئاماژەدارە |
| ١٦. | بڕوام بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا هەیە بۆ خۆشگوزەرانی ژیانم. | .456** | ئاماژەدارە |
| ١٧. | ڕێز لە بۆچوونی تەمەنە جیاوازەکان دەگرم. | .342** | ئاماژەدارە |
| ١٨. | لە ئێستادا کەمتر بەشداری لە بۆنە و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەم. | .265** | ئاماژەدارە |

ئەم داتایانە بە شێوەیەکی ڕوون گواستنەوەی کۆمەڵگە لە بەهاکانی مانەوە بۆ بەهاکانی خۆدەربڕین (Self-expression Values) نیشان دەدەن، کە یەکسانی جێندەری یەکێکە لە دیارترین ئاماژەکانی. بۆ نموونە لە برگەی (١) بەرزترین بەهای پەیوەندی (٠.٣٤٠) تۆمارکردووە، بەڵگەنەویستە مۆدێرنیزاسیۆن و گەشەی ئابووری، دەرفەتی کار بۆ ژنان دەڕەخسێنێت. ئەمە دەبێتە هۆی گواستنەوەی ڕۆڵی ژن لە چوارچێوەی ماڵەوە بۆ پانتایی گشتی. ئەم گۆڕانکارییە لە بەهاکاندا ڕاستەوخۆ پشتگیری لە چەمکی بەهاکانی خۆدەربڕین دەکات، کە پشتگیری لە مافی تاکەکەسی (بێ جیاوازی جێندەری) دەکات. هەروەها ئەنجامی برگەی (٣) نیشانەی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە وەک هۆکارێکی گۆڕانکاریی مۆدێرنیزاسیۆن. لە تیۆرەکەی لێرنەردا، بەشداری

سیاسی و کۆمەڵایەتی (قۆناغی کۆتایی) نیشانەی مۆدێرنبوونی کۆمەڵگەیە. بوونی ڕێکخراوی چالاک کە کاریگەرییان هەبێت، بەڵگەیە لەسەر بونیادنانی دامەزراوەی دیموکراتی و مەدەنی. لەلایەکی دیکە، پەیوەندی بەهێزی بڕگەی (٤ و٥) نیشانەی گواستنەوەیەکی گەورەیە لە بەهاکانی مانەوە بۆ بەهاکانی خۆدەربڕین. لە کولتووری نەریتیی داخراودا، هاوسەرگیری پەیوەندی بە مانەوەی خێڵ و هۆز و نەژادەوە هەیە، بەڵام کرانەوە بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ بێگانە (تەنانەت بە ئایینی جیاوازیشەوە) نیشانەی لاوازبوونی پێکهاتەی خێڵەکی و زاڵبوونی بڕاردەی تاکەکەسییە.

ئەم داتایانە گۆڕانکاری لە پەیوەندی تاک لەگەڵ دەسەڵات نیشان دەدەن. بۆ نموونە ئەنجامەکانی بڕگەی (١٢) دیارترین ئاماژەیە بۆ بونیادنانی کولتوورێکی دیموکراتی مۆدێرن. متمانە و لێبوردەیی سیاسی نیشانەیەکی سەرەکیی گواستنەوەیە بەرەو بەهاکانی خۆدەربڕین (کە هاوسۆزی دیموکراسییە). پێکهاتەی مۆدێرن پشت بە پێوەرە جیهانییەکان دەبەستێت، نەک دژایەتیکردنی تاکەکەسی. هەروەها ئەنجامی بڕگەی (١١) دوالیزمی مۆدێرنیزاسیۆن دەردەخات؛ لە لایەک، تاکەکان گرنگی بە ئۆپۆزسیۆن و لێبوردەیی سیاسی دەدەن، لە لایەکی دیکەوە، دان بە بەردەوامی کاریگەری دەسەڵاتی نەریتی (خێڵ) لەسەر سیاسەتدا دەنێن. ئەمە پشتڕاستکەرەوەی ئەوەیە کە مۆدێرنیزاسیۆن تەنها بریتیی نییە لە تێپەڕاندنی نەریت، بەڵکو بریتییە لە هەموارکردنەوەی نەریت لەگەڵ دامەزراوە مۆدێرنەکاندا. وێڕای ئەوەش، دەرکەوتووە کە ئەنجامی بڕگەی (١٤) بەهێزە و تیۆرەکەی لێرنەر پشتڕاست دەکاتەوە، لە تیۆرەکەی لێرنەردا، پەروەردە/خوێندەواری یەکێکە لە چوار قۆناغی سەرەکیی مۆدێرنیزاسیۆن. ئەم پەیوەندییە بەهێزە ئەوە دەردەخات کە تاکەکان لە هەرێمی کوردستان بڕوایان وایە پەروەردەی مۆدێرن هۆکارێکی کارای گۆڕانکاریی کولتوورییە (نەک تەنها ئابووری).

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەم ئەنجامە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستاندا گونجاوە، چونکە مۆدێرنیزاسیۆن بە خێرایی لەو شوێنانەدا پێش دەکەوێت کە خەڵک سوودێکی ڕوونی تێدا دەبینن و پەیوەندییەکی ئاسانتریان تێدا دەست دەکەوێت، وەک دامەزراوەکان کە بە ڕوونی کار دەکەن، و ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت کە زانیاریی خێرا دابین دەکەن، و پەروەردە کە دەرگای دەرفەتەکان دەکاتەوە، و خزمەتگوزارییەکان کە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە باشتر دەکەن. کاتێک تاک ئەنجامێکی بەرچاو دەبینێت (مامەڵەیەکی ئاسانتر، خزمەتگوزارییەکی تەندروستیی دادپەروەرتر، دەرفەتێکی باشتر بۆ خوێندن یان کار) ئامادەیی بۆ قبووڵکردنی گۆڕانکاری و پشتگیریکردنی زیاد دەکات. لە بەرامبەردا، بەها قووڵەکانی ناو ماڵ و ڕۆڵە نەریتییەکان لە نێوان پیاوان و ژناندا، بە هێواشی دەگۆڕێن، چونکە پەیوەستن بە نەریتە پتەوەکان





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

و وێنەی خود و خێزانەوە، و پێویستیان بە کاتێکی زۆرتر و گفتوگۆیەکی هێمن و پەروەردەیەکی قۆناغ بە قۆناغ هەیە. بۆیە دوو هێڵی هاوتەریب دەردەکەون: هێڵێکی خێرا کە کۆمەڵگە بەرەو کرانەوەیەکی زیاتر و هاوڵاتیبوون و پشت بەستن بە لێهاتووی دەبات، و هێڵێکی خاوتر کە بە وریاییەوە لە بواری جێندەردا دەبزوێت. ئەنجامی کۆتایی بریتییە لە پێشکەوتنێکی کولتووری و کۆمەڵایەتیی گشتی، کە لە سوودە ڕۆژانەییەکان و پەیوەندیی کراوە خۆی دەبینێتەوە، لەگەڵ خاوبوونەوەیەکی ڕێژەیی و سروشتی لەو پرسانەی کە پەیوەستن بە ڕۆڵەکان لەناو خێزاندا، کە ئەم خاوبوونەوەیەش دەتوانرێت بە پەروەردە و گفتوگۆ و ڕێکاری بەردەوام تێبپەڕێنرێت.

**٤,١,٤ دەرەنجامەکان**

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی نا-ئاسایی دەڕوات. شیکردنەوەی هاوکۆلکەکانی سپێرمان جەخت لەسەر بوونی مۆدێرنیزاسیۆنێکی فرەخێرایی (Multi-speed) دەکاتەوە، کە لە ڕەهەندەکاندا جیاوازییەکی ڕوون دەبینرێت، ئەنجامەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە مۆدێرنیزاسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر بنەمای بەشداریی، شەفافیەت و ئازادییە دامەزراوەییەکان هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆی ناوە. هەروەها ئاراستەیەکی ئەرێنی بەرەو پسپۆڕیبوون، پشت بەستن بە بڕوانامە زانستییەکان و بنەماکانی شایستەیی هەیە. ئەمە لەگەڵ فراوانبوونی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە شوێنەکانی کاردا پێکەوە بەرەو پێش دەچن، کە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاریی عەقڵانییانە لە کەرتی کارکردندا. لە لایەکی دیکە، گەورەترین ئاڵنگاری لە تەوەری جێندەریدا دروست بوو، کە هەندێک بڕگە هاوکۆلکەی نەرێنییان تۆمار کردووە، دیارترینیان یەکسانیی لە ڕۆڵەکانی جێندەردا بوو. ئەمە ڕەنگدانەوەی خاوبوونەوەیەکی بەرچاوە لەم بوارەدا. بەردەوامیی جیاوازیی مووچە لە بەرژەوەندیی پیاواندا و مانەوەی دەسەڵاتی بڕیاردانی خێزانی لە دەستی پیاواندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پرسی جۆری کۆمەڵایەتی هێشتا وەک بەربەستێك لە بەردەم مۆدێرنیزاسیۆندا دەمێنێتەوە.

هەروەها دەرکەوتووە کە سۆشیال میدیا کاریگەریی زۆری لە گۆڕانی بەها کولتوورییەکاندا هەبووە، و کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی وشەی بیانی هەبووە. ئەمە پشتڕاستکەرەوەی تیۆرەکەی لێرنەرە کە میدیا و سۆشیال میدیا وەک هۆکاری سەرەکیی گواستنەوەی بەها مۆدێرنەکان کار دەکەن. وێڕای ئەوەش، ڕێزگرتن لە کەسایەتی سیاسیی جیاواز و گرنگیپێدان بە هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، بەرزترین نمرەیان تۆمار کردووە. ئەمە نیشانەی گواستنەوەی تاکە بەرەو لۆژیکی هاوڵاتیبوون و پلۆرالیزمی سیاسی. لە لایەکی دیکە، بڕوابوون بە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ و کاریگەری ڕێکخراوەکانی ژنان لە گۆڕینی ڕەفتار و بیرکردنەوەی ئافرەتاندا بەهێز

دەرکەوتوون. هەروەها کرانەوە بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ بیانی (تەنانەت بە ئایینی جیاوازیشەوە) نیشانەی لاوازبوونی پێکهاتەی خێڵەکی و زاڵبوونی بژاردەی تاکەکەسییە. لە لایەکی دیکە، بڕوابوون بە کاریگەری پرۆسەی پەروەردە لە گۆڕانی شێوازی ژیاندا و بڕوابوون بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ خۆشگوزەرانی ژیان ،پشتگیری لە تیۆری لێرنەر دەکەن کە پەروەردە وەك هۆکارێکی کارای گۆڕانکاریی کولتووریی تەماشا دەکات.

بۆیە دواجار دەتوانین بڵێین کە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە جەخت لەسەر بوونی مۆدێرنیزاسیۆنێک دەکەنەوە کە بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ بەڕێوەدەچێت. هێڵی گۆڕانکاریی دامەزراوەیی و مەدەنی (بەهاکانی خۆدەربڕین) زۆر خێرایە، لە کاتێکدا گۆڕانکاری لەسەر ئاستی بەهاکانی مانەوە و کۆتوبەندییە نەریتییەکان (بە تایبەت لە پرسی جێندەر و خێزان) زۆر هێواش یان بەرگریکارە. ئەمەش دوالیزمێکی کۆمەڵایەتی دروست کردووە کە لەگەڵ چەمکی پێکەوەژیانی فرەکولتوورەکان دەگونجێت.

### ٥,١,٤ پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم:** پێویستە شیکردنەوەیەکی پۆلینبەندیی ئەنجام بدرێت، بە بەکارهێنانی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەك (ڕەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون/شار و لادێ، ئاستی خوێندن) وەك گۆڕاوی سەرەکی. ئەمە یارمەتی دەدات بۆ زانینی ئەوەی کام چین و توێژەکان بە خێراتر یان خاوتر لەگەڵ پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا دەڕۆن.

**دووەم:** لەبەرئەوەی کاریگەریی میدیا و سۆشیال میدیا لە گۆڕانی بەها کولتوورییەکاندا زۆر بەهێزە (هاوکۆلکەی ٠,٥٢٢)، پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردە بەرنامەی هۆشیاری میدیایی و عەقڵانییەت لە پرۆگرامی خوێندن و ڕاگەیاندنی گشتیدا جێگیر بکەن. ئەمە یارمەتی تاك دەدات کە لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی فرەخێراییدا، بە شێوەیەکی ژیرانەتر مامەڵە لەگەڵ گۆڕانە کولتووری ی کۆمەڵایەتییەکان بکات.

**سێیەم:** پێویستە توێژینەوەیەکی قووڵتری چۆنایەتیی ئەنجام بدرێت سەبارەت بە بوارە لاوازەکان (بەتایبەتی پرسی جێندەری و هەستکردن بە کولتوورە تازەکان)، بۆ تێگەیشتن لە هۆکارە کولتووری و دەروونییەکانی پشتی ئەو بەربەستانەی کە ڕێگرن لە بەردەم مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵایەتییدا.

### ٦,١,٤ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم:** پێویستە بەرنامەی نیشتمانیی توندوتۆڵ دابڕێژرێن بۆ چارەسەرکردنی کەلێنی یەکسانیی جێندەری (کە بە ڕوونی وەك ڕێگرییەکی سەرەکی لە ئەنجامەکان لە بڕگەی (٣) بە هاوکۆڵکەی

نەرێنی -٠,١٥٤ دەرکەوتووە). ئەم بەرنامەیە دەبێت کار لەسەر یەکسانیی مووچە، ڕۆڵی ژنان لە بڕیاردانی خێزانی و سیاسی، و لابردنی بەربەستە کولتوورییەکان بکات.

**دووەم:** هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ مانەوەی خێرایی بەرزی مۆدێرنیزاسیۆنی مەدەنی-سیاسی (کە لە بەشداری سیاسی و متمانە بە دامەزراوە حکوومییەکاندا دەرکەوتووە). ئەمەش لە ڕێگەی پتەوکردنی زیاتری سەروەریی یاسا، گەیشتنی یەکسان بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان (چاودێری تەندروستی)، و گەرەنتیکردنی ئازادییە مەدەنییەکان (ڕۆژنامەوانی و ڕەخنەگرتن).

**سێیەم:** پێویستە ستراتیژییەتێکی هەمەلایەنە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ناوچەکانی شار و لادێ جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیا و سەرچاوە مۆدێرنەکان. ئەمە یارمەتی جێبەجێکردنی یەکسانی و گشتگیربوونی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن دەدات لەسەر ئاستی نیشتمانی.

سەرچاوەکان

1. Ahmadrash, R. (2013). 'Kurdistan between Modernism and Tradition (Case of Study: Mukerian)', International Journal of Social Sciences (IJSS), vol. 3, no. 4, pp. 49-56.
2. Eisenstadt, S. N. (1966) Modernization: Protest and change. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.
3. Geertz, C. (1973). The Interpretation of Cultures: Selected Essays. New York: Basic Books.
4. Kolakowski, L. (1990). Modernity on endless trial. Chicago, IL: University of Chicago Press.
5. Lerner, D. (1958). The Passing of Traditional Society. New York: Free Press.
6. Lerner, D. (1968). 'Modernization: Social Aspects'. in International Encyclopedia of the Social Sciences. Vol. 10. New York: Macmillan & The Free Press.
7. Markus, H. R. & Kitayama, S. (1991). ‘Culture and the self: Implications for cognition, emotion, and motivation’, Psychological Review, 98(2), pp. 224–253.
8. McCarty, J. C. (2003). Cultural theory: An introduction. Cambridge: Cambridge University Press.
9. Parsons, T. and Smelser, N. (1984). Economy and society: A study in integration of economic and social theory. London: Rutledge and Kegan Paul.
10. Ritzer, G. (2007). The Blackwell encyclopedia of sociology. Malden, MA: Blackwell Pub.
11. Schwartz, S. (2006) ‘A theory of cultural value orientations: Explication and applications’, Comparative Sociology, 5(2–3), pp. 137-182.
12. Stevenson, R. L. (1988). Communication Development and the Third World. New York & London: Longman.
13. Tylor, E. B. (1871). Primitive Culture: Researches into the Development of Mythology, Philosophy, Religion, Language, Art, and Custom. London: J. Murray.

١٤. آزاد ارمکی، تقي و مسقطيان، ب. (٢٠٠١). 'تغييرات فرهنگی در استان مازندران'. پژوهشنامه علوم انسانی و اجتماعی، ١(3)، ص. ١٣-٤٠.

١٥. جعفری، علی (٢٠١٠). 'سیر تطور نظریات ارتباطات توسعه: تأکید بر پارادایم چندگانگی فرهنگی.' رسانه، سال بیستم، زمستان، شماره ٤ (پیاپی ٨٠): ٩٧-١١٧.

١٦. ستوده، هدايت‌الله(2016) . روانشناسی اجتماعی. چ١٠. تهران: انتشارات آوای نور .

١٧. سيف اللهی، سيف الله(2007) . جامعه شناسی مسائل اجتماعی ايران. چ٢. تهران: انتشارات جامعه پژوهان سينا.
١٨. غفاری، غ (٢٠٠٧). 'روابط و ارزشهای اجتماعی جوانان ايرانی .'فصلنامه مطالعات جوانان، ٨ و ٩، ص. ٧–٣٢.
١٩. لرنر، دانيل .(2004) گذر از جامعه سنتی .ترجمه غلامرضا خواجه‌سروی. تهران: پژوهشكده مطالعات راهبردي.
٢٠. محسنی، منوچهر (1994) بررسی آگاهيها، نگرشها و رفتارهاي اجتماعی، فرهنگی در سطح تهران .تهران: مركز پژوهشهاي بنيادي، معاونت پژوهش وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.
٢١. محسني، منوچهر(1995) . جامعه‌شناسی علم، جامعه و تكنولوژی .تهران: انتشارات طهوری.
٢٢. محمد امزيان، محمد.(2001) روش تحقيق علوم اجتماعی از اثبات‌گرايی تا هنجارگرايی .ترجمه‌ی عبدالقادر سواری. چ١. قم: پژوهشكده حوزه و دانشگاه و المعهد العالمی للفكر الاسلامی.
٢٣. محمدپور، احمد .(2011) . تجربهٔ نوسازی: مطالعهٔ تغيير و توسعه در هورامان با روش نظريهٔ زمينه‌ای .تهران: انتشارات جامعه‌شناسان.
٢٤. وثوقي، منصور (2003) مبانی جامعه شناسی .تهران: انتشارات خردمند.
٢٥. ريتزر، جورج (٢٠٠٩). جامعه شناسی در دوران معاصر. ترجمه محسن ثلاپی، تهرام: نشر علمی

Sources
1. Ahmadrash, R. (2013). 'Kurdistan between Modernism and Tradition (Case of Study: Mukerian)', International Journal of Social Sciences (IJSS), vol. 3, no. 4, pp. 49-56.
2. Eisenstadt, S. N. (1966) Modernization: Protest and change. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.
3. Geertz, C. (1973). The Interpretation of Cultures: Selected Essays. New York: Basic Books.
4. Kolakowski, L. (1990). Modernity on endless trial. Chicago, IL: University of Chicago Press.
5. Lerner, D. (1958). The Passing of Traditional Society. New York: Free Press.

6. Lerner, D. (1968). 'Modernization: Social Aspects'. in International Encyclopedia of the Social Sciences. Vol. 10. New York: Macmillan & The Free Press.

7. Markus, H. R. & Kitayama, S. (1991). ‘Culture and the self: Implications for cognition, emotion, and motivation’, Psychological Review, 98(2), pp. 224–253.

8. McCarty, J. C. (2003). Cultural theory: An introduction. Cambridge: Cambridge University Press.

9. Parsons, T. and Smelser, N. (1984). Economy and society: A study in integration of economic and social theory. London: Rutledge and Kegan Paul.

10. Ritzer, G. (2007). The Blackwell encyclopedia of sociology. Malden, MA: Blackwell Pub.

11. Schwartz, S. (2006) ‘A theory of cultural value orientations: Explication and applications’, Comparative Sociology, 5(2–3), pp. 137-182.

12. Stevenson, R. L. (1988). Communication Development and the Third World. New York & London: Longman.

13. Tylor, E. B. (1871). Primitive Culture: Researches into the Development of Mythology, Philosophy, Religion, Language, Art, and Custom. London: J. Murray.

.١٤Azad Aramaki, Taqi and Maskatian, B. (2001). 'Cultural Changes in Mazandaran Province'. Journal of Humanities and Social Sciences, 1(3), pp. 13-40.

.١٥Jafari, Ali (2010). 'The Evolution of Development Communication Theories: Emphasis on the Multicultural Paradigm'. Media, 20th Year, Winter, No. 4 (80th Consecutive): 97-117.

.١٦Sotoudeh, Hedayatollah (2016). Social Psychology. Vol. 10. Tehran: Avae Noor Publications.

.١٧Seifollahi, Seifollah (2007). Sociology of Social Issues in Iran. Vol. 2. Tehran: Jameeh Pajoohan Sina Publications.

.١٨Ghaffari, G. (2007). 'Social Relations and Values of Iranian Youth'. Quarterly Journal of Youth Studies, 8 and 9, pp. 7-32.

.١٩Lerner, Daniel (2004). Transition from Traditional Society. Translated by Gholamreza Khajehsarvi. Tehran: Institute for Strategic Studies.

.٢٠Mohseni, Manouchehr (1994). Survey of Social and Cultural Awareness, Attitudes and Behaviors in Tehran. Tehran: Center for Fundamental Research, Deputy for Research of the Ministry of Culture and Islamic Guidance.

.٢١Mohseni, Manouchehr (1995). Sociology of Science, Society and Technology. Tehran: Tahouri Publications.

.٢٢Mohammad Amzian, Mohammad (2001). Research Methodology in Social Sciences from Positivism to Normativity. Translated by Abdolqader Savari. Ch1. Qom: Institute for Seminary and University Research and the International Institute for Islamic Thought.

.٢٣Mohammadpour, Ahmad. (2011). The Experience of Modernization: Studying Change and Development in Huraman with a Grounded Theory Approach. Tehran: Sociologists Publications.

.٢٤Vosoughi, Mansour (2003) Fundamentals of Sociology. Tehran: Kheradmand Publications.

.٢٥Ritzer, George (2009). Sociology in the Contemporary Era. Translated by Mohsen Thalapi, Tehram: Scientific Publications